چاپی ئەزموونی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# ٩ کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان

## پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی
## کتێبی قوتابی


ئامادەکردنی

عبدالله رشيد حسن — جمال عمر عبدالله — د.نبيل فتحى حسين

عـمـر علي شريف — يوسف عثمان حمـد — كاوه عـمـر حـمـد



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە سوپاسەوە تێبینی و پێشنیارەکانتان دەربارەی ئەم کتێبە لە ڕێگەی ئیمێلی: bgprogram@moe.gov.krd وەردەگرێت

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە خوێندنی ئەم پرۆگرامە لە چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئەزموونی بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٣٤٨) لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٠) لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

سەرپەرشتیاری زانستی چاپ: عبدالله رشید حسن

سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پیرداود کواز - ناری محسن احمد

دیزاینی بەرگ: ڕەوەند سعید صابر

دیزاینی ناوەوە: ناری محسن احمد

ژمارەی سپاردن:

تیراژ:

چاپ: چاپخانەی

چاپی یەکەم ٢٠١٩ زاینی ١٤٤٠ کۆچی ٢٧١٩ کوردی



# کوردستان

## نیشتیمانی خۆڕاگری

# هۆکارەکانی خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی

لە کاتێکدا کە ئێمەی کوردستانی بە تامەزرۆیەوە باسی گرنگی کارامەیی و بەهاکان لە بونیادنانی داهاتووی گەلەکەمان و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کەسایەتی منداڵان دەکەین، لە سەردەمێکی پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا و سەرسوڕهێنەردا دەژین کە ڕەنگە تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بە بێ گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانکاریکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ئەستەم بێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆ قۆناغی بنەڕەتی بابەتێکی نوێ زیاد بکات، لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئامادەکردن و خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

•داواکاری کۆمەڵگەی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن بە مەبەستی گونجاندن و دەوڵەمەندکردنی بە بنەماکانی مرۆڤایەتی.


•جێبەجێکردنی دیدگای هەرێمی کوردستان، لە پێناو تواناداركردنی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و پاڵپشت بێت بە بەها و چەمکە مرۆڤایەتی و دیموکراتییەکان.

•یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەهاکانە. ئەو بەهایانەی دەبێت ببێتە بەشێک لە ڕەفتار و ڕەوشتی نەوەکانی داهاتوو، واتە دارشتنی کەسایەتی نەوەی دوارۆژ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و هاوبەشەکانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەکۆیکار، بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بکات.

بە لە بەرچاوگرتنی دەستپێشخەریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) بە ناوی ((فێربوونی کارامەییەکانی ژیان و هاووڵاتیبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا)).

کاوە عمر حمد
بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لە قۆناغی بنەڕەتی چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت.



# پێشەکی

کاتێـک پرۆگرامـەکان کەرەسـتەی گۆڕانکارییەکانـی پـەروەردە و ئامانجـی سەرخسـتنی پەروەردەیەکی دروستە، ئـەوا پرۆگرامـەکان لـە خەسڵەتی تایبەتـی و گشتییدا زانستێکە ڕێسا وچەمکی خـۆی هەیـە.

هەوڵـدرا بـە پلانێکـی تۆکمـە هەمـوو گۆڕانکارییەکانـی پرۆگرامـەکان لـە بەرژەوەنـدی تاکێکی تەندروست بێت هاوتەریب لەگەڵ پرۆسـەی پێشکەوتنی زانستیی و کۆمەڵایەتـی ئابووری بـە لەبەرچاو گرتنـی تایبەتمەنـدی کولتـوور و ڕۆشـنبیری لـە ژێر ڕەهەندەکانـی نیشـتیمان و ئاشـتی جیهانـی.

لـە سـەرەتادا ئـەم هەوڵـە فێربوونـە دەربـارەی پەیڕەوکردنـی کارامەیـی و بەهـا و چەمکـە کۆمەڵایەتییـەکان. هەوڵـدرا شـێوازە کلاسیکیەکە تێپەڕێنیـن زیاتـر بـوار بـە خـودی منداڵ بدرێـت لـە ڕێگـەی تێگەیشـتن و وەرگرتـن و جێبەجێکردنـی کارامەیـی و بەهـا و زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان ئـەوان خۆیـان لـە ڕەفتاریانـدا پێشـەنگی گۆڕانکارییـەکان بـن بەهـۆی تاقیکردنـەوەی چالاکییـەکان و وروژاندنـی پرسـیاری کۆزانیـاری و پـڕۆژە هاوبەشـەی نێـوان خۆیـان. لـە ڕێگـەی بابەتەکانـی ئـەم کتێبـەوە دیـدی تایبـەت بـە خۆیـان هەبێـت بـۆ ئاینـدە و سـەرکردایەتی گۆڕانکارییـەکان بکـەن.

مامۆسـتای بەڕێـز: ئـەم پرۆگرامـە تەنیـا بـۆ تاقیکردنـەوە نییـە، ئامانجـی فێربـوون لـەم پرۆگرامـە ئەوەیـە قوتابیـان کاراکتـەری سـەرەکی بابەتەکانـن لـە ڕێگـەی چالاکـی و بیرکردنـەوە و گفتوگۆکـردن و ڕاهێنانـەوە، بـا خۆیـان سەرپشـک بـن لـە چۆنیەتـی

ئەنجامدانــی. کاری بەڕێزتــان بەشــداریکردنە لــە ڕێگــەی سەرپەرشــتیکردن و دابەشــکردنی ڕۆڵــە ســەرەکییەکان لــە کات و چالاکییەکانــدا.

دایــک و باوکــی بەڕێــز: ئــەم پرۆگرامــە ڕۆڵــی ئێــوە کارا دەکات چــۆن ئێــوە بەشــێکن لــە بەرەوپێشــبردنی کارامەیــی و بەهــاکان بەشــداربن لــە چالاکــی و وەڵامدانــەوەی ئەو پرســیارە بوێرانــەی کــە منداڵەکانتــان لەگەڵتــان هاوبــەش دەبــن.

قوتابیانــی بەڕێــز: ئەمــە هەوڵێکــە بــۆ چالاکبوونــی توانــاکان و کارامەییــە خودییەکان،کــە خــۆت بەشــێک بیــت لــە گۆڕانکارییــەکان بــە گیانێکــی ســەرکردە تێڕوانینــەکان بــۆ ئاینــدە بەرنامەڕێــژ بکەیــت، ســەرجەم چالاکییــەکان  کاری ڕۆژانــەی تۆیــە کــە لــەم پرۆگرامــە خراوەتــە ڕوو بۆیــە ئاراســتەی هەمــوو تێگەیشــتنەکان لــە چالاکییــەکان لــە بیرکردنــەوەی تۆدایــە تەنهــا کاری ئێمــە ڕێکخســتن بــووە بــە پێــی کات و شــوێنی پێگەیشــتنی هــزر و بیــری تــۆی بەڕێــز.

بێگومــان لــە کاتــی جێبەجێکردنــی ئــەم پرۆگرامــەدا ڕووبــەڕووی کۆمەڵێــک گرفــت دەبینــەوە، بــەڵام بــە هــاوکاری هەمــوو لایــەک هەوڵدەدرێــت هەمــوو شــتێک لــە بەرژەوەنــدی منــداڵ بێــت و هەرخــۆی چەقــی فێربوونــی گۆڕانکارییــەکان بێــت، چونکــە ئــەم پرۆگرامــە بــە پێــی پێوەرەکانــی بەڵگەنامــەی پرۆگرامــەوە ئەنجامــدراوە.

ئامادەکاران

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم هاوڵاتیبوون (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان)


یەکەی یەکەم: نەتەوە یەکگرتووەکان ........................................ ١٢

یەکەی دووەم: مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان ................................ ١٦

یەکەی سێیەم: ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان ................................ ٢٠

یەکەی چوارەم: نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی چارەنووس .................... ٢٤


## بەشی دووەم مافەکان (ماف و یەکێتی نەتەوەیی)


یەکەی یەکەم: برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی یەک نیشتیمان .................... ٣٠

یەکەی دووەم: چەمکی میانڕەوی ............................................ ٣٤

یەکەی سێیەم: میانڕەویی لە کاروباری ژیان.................................. ٣٨

یەکەی چوارەم: بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی و ڕێزگرتن لە یەکتری .......... ٤٢

## بەشی سێیەم
کارامەییەکان (کارامەیی دەروونی)


یەکەی یەکەم: هەڵسەنگاندنی خود ........ ٤٨
یەکەی دووەم : پەرەپێدانی بەهرەکان ........ ٥٢
یەکەی سێیەم: متمانە بەخود بوون ........ ٥٦
یەکەی چوارەم: کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان ........ ٦٠


## بەشی چوارەم
بەهاکان (هۆشیاری ڕاگەیاندن)


یەکەی یەکەم: چەمکی ڕاگەیاندن ........ ٦٦
یەکەی دووەم: ڕاگەیاندن و مرۆڤ ........ ٧٠
یەکەی سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاند لە ژیانی مرۆڤدا ........ ٧٤
یەکەی چوارەم: ڕای گشتی ........ ٧٨



# بەشی یەکەم ١

## هاووڵاتیبوون

## ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

- یەکەی یەکەم: نەتەوە یەکگرتووەکان
- یەکەی دووەم: مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان
- یەکەی سێیەم: ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان
- یەکەی چوارەم: نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی چارەنووس

**ماوەی جێبەجێکردن**

- ژمارەی هەفتە: ٤
- ژمارەی بەشەوانە: ٨



# ئامانجی بەش

١- دیدێکی ڕوونی دەربارەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لا دروست دەبێت.

٢- گرنگترین ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لێک جیادەکاتەوە.

٣- زانینی هەندێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٤- زانینی هەندێک لە ئامانجەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

٥- گرنگترین ئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکات.

٦- ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلان، شیدەکاتەوە.

٧- ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هاوکاری نێوان وڵاتان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی، ڕووندەکاتەوە.

## یەکەی یەکەم

# نەتەوە یەکگرتووەکان

### بیرۆکەی سەرەکی

نەتەوە یەکگرتووەکان ( United Nations):

ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییە لە ٢٤ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ لە شاری سان فرانسیسکۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا دامەزرا، وڵاتانی خاوەن سەروەری و سەربەخۆکانی جیهان لەخۆ گرتووە. ئەم وڵاتانە ئارەزوومەندانە و بە مەرجی پابەندبوون بە پەیماننامە و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە لە پێناو پاراستنی ئاشتیی و ئاسایشی نێونەتەوەیی، پێشخستنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان نەتەوەکان و یارمەتیدانیان بۆ کارکردن لەگەڵ یەکدا، هەروەها بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی هەژاران، نەهێشتنی برسیەتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری.

### گفتوگۆکردن و فێربوون:



نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە شوێنی کۆڕبەند کۆبوونەوە بۆ وڵاتانی ئەندام. دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان بە (پەرلەمانی گەلان) ناوببرێت، هیچ وڵاتێک لە سەرووی وڵاتێکی ترەوە نییە، بەڵکو هەموویان یەکسانن. لەبەرچی تاکو ئێستا کوردستان نەبۆتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- خاوەن سەروەری
٢- مافی پەنابەری
٣- کۆڕبەند
٤- دەزگە

## چالاکیی ناوپۆل



نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان کار بـــۆ نەمانی توندوتیژی دژی منداڵان، نەهێشـــتنی هەرچەشـــنە کارکردنێـــک بـــە منـــداڵان و بەکارهێنانـــی منداڵ بۆ تاوانکاری و کاری نایاسایی یاخود بەشدارکردنیان لە شەڕدا دەکات.

چـــۆن دەتوانین پاڵپشـــتی کارەکانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان لە بـــواری منداڵاندا بکەین؟ بـــە هاوکاریی مامۆســـتای بابەت گفتوگۆ لەســـەر ئـــەم بابەتە بکەن.

## زیادکردنی زانیاری

نەتەوە یەکگرتووەکان چەنديـــن دەزگای تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەیە، کە بریتین لە:

١- ئەنجومەنی ئاسایش.

٢- کۆمەڵەی گشتی.

٣- ئەنجومەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی.

٤- دادگای دادی نێودەوڵەتی.

٥- ئەمینداریێتی گشتی.

٦- ئەنجومەنی ڕاسپاردەکان.

**ئایا دەزانی**

پەیماننامـــەی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان کار لەســـەر بنەمـــای پاراســـتنی شـــکۆمەندی و یەکســـانی مرۆڤـــەکان دەکات.

## هزراندن و بیرکردنەوە



کاتێک بیر لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەینەوە لە چوارچێوەی هاونیشتیمانیبوون، هزردەکەین بۆ بابەتەکانی وەکو ئاشتی، مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، جیاکاری نەکردن، ڕێزگرتنی فرەجۆری و هەستکردن بە ئینتیما بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و مرۆڤایەتی. تۆش لە هزری خۆت وێنەی جیهان بهێنە بەرچاوی خۆت و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا لە کاتی هاتنی ئاوارە و پەنابەران دیاری بکە؟ بە چەند دێڕێک تێروانینت لەسەر ئەم بابەتە بنووسە بە هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت یا بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری.

## من فێربووم

لە خوارەوە ناوی چەند ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە زمانی کوردی نووسراون، هەوڵ بدە بە سوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت و هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت ناوەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بنووسە.

١- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کولتوور.

٢- بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان.

٣- بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە.

- دوای نووسینی ناوی ئەم سێ ڕێکخراوە بە ئینگلیزی، زانیاری نوێیم دەربارەی چەند ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پەیداکرد.

### کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران


UNHCR
The UN Refugee Agency

ئامانجی کۆمیسۆنی باڵای پەنابەران پاراستن و یارمەتیدانی پەنابەران و ئەوانەی داوای مافی پەنابەرایەتیی دەکەن، هەروەها ئەوانەی بێ ڕەگەزنامەن، وێڕای ئاوارە نێوخۆییەکانیش.

## دەرئەنجام

لــەم وێنانــەی خــوارەوە دەرئەنجامــی ئــەوە دەکــەم، بوونــی نەتەوە یەکگرتــووەکان چەنــد گرنگــە لــە کاتی شــەڕدا.


١



٢


٣



٤

# یەکەی دووەم

## مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان




**بیرۆکەی سەرەکی**

پاش شکستهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان لە ڕوونەدانی جەنگی دووەمی جیهانی و پاراستنی ئاشتیی جیهانیی و پێکهێنانی پەیوەندییەکی ئاسایی و دوور لە جەنگ لە نێوان وڵاتاندا، لە ترسی ئەوەی کە مرۆڤ لەوانەیە دووچاری شەڕێکی تری وەک شەڕیی دووەمی جیهانی بێت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا تا جێگەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان بگرێتەوە.

بیرۆکەی دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١، کاتێک وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەوکات، هەر یەک لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرا، ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ کارکردن لەگەڵ یەکتری لە کاتی جەنگ و ئاشتی واژو کرد. ئەمە بە یەکەم هەنگاو دەژمێردرێت لە دروستبوونی ئەم ڕێکخراوەدا.

لە ١٤ی ئابی ساڵی ١٩٤١، لە کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ئەوکات، فرانکلین ڕۆزفیلت، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا، ونستۆن چەرچل بڕیاری دەستپێشخەری کۆمەڵێک هەنگاو درا. ئەم دۆکۆمێنتە لە نێوان هەردوو ناوبراو لە سەر کەشتییەک لە ناو دەریا واژو کرا. ئەم دۆکۆمێنتە بە پەیمانی ئەتلەنتیک ناودەبرێت، کە دوایی کاری بۆ کرا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێ دروستبوو.

### گفتوگۆکردن و فێربوون:



نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٤٨/١٢/١٠)دا، جاڕنامەی مافی مرۆڤی، لە (٣٠) بەنددا ڕاگەیاند. ئامانج لەم جاڕنامەیە چیی بوو؟ ئەم بابەتە بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان

٢- جاڕنامەی مافی مرۆڤ

٣- ئەمینداری گشتی

٤- ئاشتی

## چالاکیی ناوپۆل




نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٤) ی تشـــرینی یەکەمی هـەمـــــوو ســـــاڵێکی بـــــە ڕۆژی جیهانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان دیاریکـــردووە. بەم بۆنەیە لەسەرتاســـەری جیهـــان چەندیـــن قوتابخانـــە یـــادی ئـــەم ڕۆژە دەکەنـــەوە، لـــە ژێـــر دروشـــمی جیـــاواز گوزارشـــت لـــەم ڕۆژە دەکـــەن، وەک گۆرانـــی گوتن لـــە پێناو ئاشـــتیدا. ئێـــوەش هەوڵبدەن دروشـــمێک بـــۆ ئەمســـاڵ بـــۆ ئـــەم بۆنەیـــە بـــە هاوکاریـــی مامۆســـتای بابـــەت دیـــاری بکـــەن.

## زیادکردنی زانیاری

لـــە ســـەرەتای دروســـتبوونی نەتـــەوە یەکگرتووەکانـــدا ئەمانـــەی خـــوارەوە ئەمینداری گشـــتیی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بوون:

١- تریگی لی (نەرویج) ١٩٤٦-١٩٥٢
٢- داگ همر شولد (سوید) ١٩٥٣ - ١٩٦١
٣- یو سانت (بۆرما - میانماری ئێستا) ١٩٦١-١٩٧١
٤- کورت ڤالدهایم (نەمسا) ١٩٧٢ -١٩٨١
٥- خافێر پێرێز دی کویار (پیرۆ) ١٩٨٢- ١٩٩١
٦- بطرس بطرس غالي (میسر) ١٩٩٢ -١٩٩٦
٧- کۆفی ئەنان (غانا) ١٩٩٧ -٢٠٠٦
٨- بان کی مۆن (کۆریای باشوور) ٢٠٠٧ - ٢٠١٦
٩- ئەنتۆنیۆ گوتیرێس (پورتوگال) ٢٠١٧ - بەردەوامە

**ئایا دەزانی**

لـــە ســـاڵی (١٩٥٥)ەوە ژمارەیەک لـــە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتـــووەکان لە میانەی چەنـــد بەرنامەیەک لە عێـــراق کاردەکەن.



## هزراندن و بیرکردنەوە

کاتێک بیــر ئەزموونی نەتــەوە یەکگرتووەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤ دەکەینەوە، بە هۆکارێکی دەزانیــن بــۆ بەهێزکردنی توانای مــرۆڤ بۆ ئەوەی رۆڵــی کاریگــەری هەبێت بۆ دروســتکردنی کۆمەڵگەیەک رەچــاوی مافەکانی مرۆڤ بکات، پێویســتە چ بکەیــن بۆ ئەوەی ببیــن بە هاووڵاتیەکــی جیهانی کاریگەر و رۆڵمــان هەبێت بە پشــتگیریکردن و بەرەو پێشــبردنی بنەماکانــی مافەکانــی مرۆڤ؟ بە شــەش خاڵ لەســەر ئەم بابەتــە بە ســوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت بنووســە.

## من فێربووم

نەتــەوە یەکگرتووەکان رۆژی (٢١) ی ئەیلولی هەموو ســاڵێکی دیاریکردووە بە رۆژی ئاشــتی، رۆژێک بــۆ بەهێزکردنــی بەهای ئاشــتیی لە نێوان گــەلان و نەتــەوەکان هەروەها لــە دیباجــەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، مەبەســت لە دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان چەســپاندنی رۆشــنبیری ئاشــتییە لە جیهــان، چونکە پیادەکردنی ئاشــتیی بە خێر و خۆشــی بۆ هەموو لایــەک دەگەڕێتەوە.

– دوای خوێندنی ئەم دەقەی ســەرەوە فێربووم کەوا زۆرێک لە وڵاتان بە گشــتیی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بــە تایبەتی، ئاشــتی تیادا پیــادە ناکرێت، هەروەها ســوودیان لە رۆژی جیهانی ئاشــتیی و مەبەســتی دامەزراندنــی نەتــەوە یەکگرتووەکان وەرنەگرتووە. ئێســتا کاتــی ئەوە هاتووە هەموومــان بەیەکەوە بیر لە ئاشــتی و پێکەوە ژیــان بکەینەوە.

### ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان

unicef

یونیسێف هەوڵدەدات جیهان بکاتە شوێنێکی ئارام و گشتگیر بۆ گەشەسەندنی منداڵان، هەروەها بۆ رزگارکردنی ژیانی منداڵان و بەرگریکردن لە مافەکانیان و یارمەتیدانیان بۆ بەگەڕخستنی تواناکانیان کاردەکات.

## دەرئەنجام

لــەم وێنانەی خــوارەوە دەرئەنجامی ئــەوە دەکەم، بوونی ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیســیف) لە کاتی شــەڕدا بــۆ گەڕانەوەی منداڵان بۆ بــەر خوێندن چەنــد گرنگە.












## یەکەی سێیەم



# ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان

### بیرۆکەی سەرەکی

پرسە مرۆڤایەتییەکان لە ئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە، وەک : پرسی مافەکانی مرۆڤ، گەشەپێدانی بەردەوام، پرسەکانی شەڕ و ئاشتی، و ڕامالینی چەک و تیرۆر. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی باری نائاسایی تەندروستی و مرۆیی دەبێتەوە، هەروەها بایەخ بە یەکسانی ڕەگەزی و هێنانەدی دادپەروەری و زۆرێک لە کێشەکانی میللەتان دەدات.



### گفتوگۆکردن و فێربوون:

منداڵان مافی ڕێزگرتنی شکۆی مرۆڤانە و تەندروستی جەستەییان، لە هەموو کاتێکدا بە درێژایی تەمەنیان هەیە.

دوای خوێندنەوەی ئەم دەقە چ ڕێکخراوێک لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندارە بە منداڵانەوە؟

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- پەرەپێدانی بەردەوام
٢- یەکسانی
٣- کۆچڕەو
٤- تیرۆر

## چالاکیی ناوپۆل

شـــەڕی عێراق – ئێران، کە دواتر بە شـــەڕی یەکەمی کەنداو ناوی دەرکرد، ئەو شـــەڕە بە درێژترین شـــەڕی ســـەدەی بیســـتەم ئەژمار دەکرێت کەلـــە (١٩٨٠/٩/٢٢) تـــا ١٩٨٨/٨/٨) واتە (٨) ســـاڵی خایاند، شـــەڕی عێراق – ئێران دوای (٨) ســـاڵ لەبەردەوامبوون و وێرانکردنی هـــەردوو وڵات دواجار بەڕازیبوونی ئێران بەبڕیاری (٥٩٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێو دەوڵەتی، کە تایبەت بوو بەوەســـتاندنی شـــەڕەکە، کۆتایـــی پێهات. شـــەڕی (٨) ســـاڵەی عێـــراق – ئێران جگـــە لە زیانە مادیـــی و مەعنەویـــی و مێژوویی و کاولکاریەکانـــی هـــەردوو وڵات، بـــە ملیۆنـــان کـــوژراو و بریندار و دیـــل و پەککەوتـــە و دەربەدەری هـــەردووولای لێکەوتـــەوە، کە بەدەیان ســـاڵ برین و شـــوێنەوارە خراپەکانی لەســـەر ئاینـــدەی هەردوو وڵات و گەلەکانیان ناســـڕێتەوە. ئەم شـــەڕە وەک یەکێک لە درێژترین وماڵوێرانکارترین شـــەڕی نێوان دوو وڵاتـــی دراوســـێ دەچێتە مێـــژووەوە. ئایا ئـــەم کارەی ئەنجومەنی ئاســـایش بـــە دەرکردنی بڕیاری ڕاگرتنی شـــەڕ لە نێـــوان هەردوو وڵات دەچێتە چوارچێـــوەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتـــووەکان؟ هەروەها کاریگەری لەســـەر گەشـــەپێدانی پەیوەندی دۆســـتانە لە نێوان هـــەردوو وڵات هەبوو؟

## زیادکردنی زانیاری

ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:

١- پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی.
٢- هاندانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان گەلان.
٣- هاندانی هاوکاریی و ڕاوێژی نێونەتەوەیی.
٤- چارەسەرکردنی کێشە نێونەتەوەییەکان ئەوانەی مۆرکی ئابووریان هەیە.
٥- پاراستن و بەهێزکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.
٦- پێشکەشکردنی هاوکاریی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو.
٧- دابینکردنی مافەکانی گەلان و ئازادیان لە دیاریکردنی چارەنووسیان.

**ئایا دەزانی** لە جیهان بە ملیۆنان کەس بە دەست کەم خۆراکی دەناڵێنن.

## هزراندن و بیرکردنەوە



خەڵکی کوردستان چەندین جار بە زۆرەملێ دوورخراوەتەوە لە شوێنی نیشتەجێی بوونی خۆیدا، بۆ نموونەی کۆڕەوی ملیۆنی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکی کوردستان. دیارە ئەو کارە سیاسەتێکە گشت حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دژی خەڵکی کوردستان پەیڕەویان کردووە، ئەم بابەتە ببەستەوە بە بابەتی مافەکانی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو ئەرکی ماڵەوە بە شەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## من فێربووم

نەتەوە یەکگرتووەکان (١٧) ئامانجی دیاریکردووە تاکو ساڵی ٢٠٣٠ کاری بۆ دەکرێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی، بە ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوامی دیاریکراوە یاخود ئامانجی جیهانی، مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ئامانجانە کارکردنە بۆ بنبڕکردنی هەژاری و پاراستنی گۆی زەوی و مسۆگرکردنی خۆشگوزەرانی و ئاشتیی بۆ گشت هاووڵاتیان.




- دوایی زانینی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام، فێربووم کەوا پێویستە لەسەر هەر کەسێک بە گوێرەی توانای خۆی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە بکات.

### ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ

ئامانجی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ، بنبڕکردنی برسێتییە لە جیهان، هەروەها گرنگیدان بە کەرتەکانی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی ژینگە بۆ نەوەکانی ئایندە.

## دەرئەنجام

لەم وێنانــەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم، بوونــی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگە لە گەشەپێدانی گشــت بوارەکانی ژیاندا.


بواری تەندروستی



بواری پەروەردە و فێرکردن



بواری مافەکانی مرۆڤ


بواری کشتوکاڵ

# یەکەی چوارەم



## نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی چارەنووس

### بیرۆکەی سەرەکی

مافی چارەی خۆنووسین چەمکێکی یاساییە و لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا شوێنێکی دیاری هەیە و پرەنسیپێکی پابەند و گشتییە. هەموو ئەو گەل و نەتەوانە دەتوانن بەوپەڕی ئازادییەوە داوا و پیادەی بکەن بۆدیاریکردنی چارەنووسی سیاسییان و چاودێریی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریان، بە پێی بنەماکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی و باری یاسایی دەستووری کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا بگونجێت.



### گفتوگۆکردن و فێربوون:

نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بە گشت نەتەوە و گەلان داوە کەوا مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان دیاری بکەن، ئینجا بە سەربەخۆیی بێت یاخود بە مانەوە لە چوارچێوەی یەکێتیی وڵات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی گەلان. ئەم بابەتە بە هاوکاری مامۆستای بابەت گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- مافی چارەی خۆنووسین
٢- سەربەخۆیی
٣- ڕیفراندۆم
٤- دەستوور

## چالاكیی ناوپۆل



شـــێوازەكانی بەدەســـتهێنان یاخـــود داواكردنی مافی چارەی خۆنووسین دوو جۆرە:

أ–شێوازی ئاشتییانە.

ب–شێوازی خەباتی چەكداری.

– بە هاوكاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەوە بكەن گەلی كوردستان كامە شێوازی پەیڕەو كردووە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین؟ هۆكارەكەی چی بوو؟

## زیادكردنی زانیاری

مافـــی چـــارەی خۆنووســـین، مافێكە لە مافەكانـــی گەلان و ئـــەرک نییە، لەبەر ئـــەوە دەبێت ئەو گەلـــە خۆی داوای ئـــەو مافە بكات و ناكرێـــت لە لایەنی تـــرەوە داوابكرێت یاخـــود بورووژێنرێت. لـــە كاتـــی ئێســـتا گەلی كوردســـتان مافـــی چارەنووســـی خۆی لە ڕێـــی پەرلەمانـــەوە لـــە فیدراڵیدا بەرجەســـتە كـــردووە، بەڵام مافی خۆیەتی ئاســـتی ئـــەو داوایەی لـــە كاتێكی گونجـــاودا بەرزبكاتەوە.

**ئایا دەزانی** مافی گشـــت گەلانە لە جیهان بڕیـــار لە دیاریكردنی چارەنووســـی خۆیان بدەن.



## هزراندن و بیرکردنەوە

سەربەخۆیی مافێکی سەرەتایی هەموو نەتەوە و گەلێکە، خەڵکی کوردستان مافی هەیە دەوڵەتێکی سەربەرخۆی خاوەن سەروەریی هەبێت، ئەندام بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان. پێداویستیەکانی گەیشتن بەو ئامانجە چین؟ بە چوار خاڵ پێداویستییەکان بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بنووسە.

## من فێربووم

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤-١٢-١٩٦٠ بڕیاری ژمارەی (١٤١٥) دەرکرد لە بەندی دووەمیدا مافی چارەی خۆنووسینی بە هەموو گەلێکدا، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بڕیارە و لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراق، لە ڕێکەوتی ٢٥-٩-٢٠١٧ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەماکانی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی و مافی هاوڵاتی یەکسان و ئازادی بنەماکانی حوکمی پێگەیشتوو، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی ئەنجامدا .

**دوای خوێندنەوەی ئەم دەقەی سەرەوە ئەوە فێربووم:**

هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، ئەو ڕیفراندۆمە ڕەوایی نێودەوڵەتی هەبوو.

### ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

ئامانجی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر و تەندروستترە بۆ خەڵک لە جیهاندا، هەروەها کار بۆ دابینکردنی بەرزترین ئاستی تەندروستی کە لە توانادا بێت بۆ خەڵک دەکات.

## ئەنجامگری

لــەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامــی ئەوە دەکەم هەموو گەلێــک مافێکی ڕەوای خۆیەتــی داوای مافی چارەی خۆنووســینی خۆی بکات.



ڕیفراندۆمی کوردستان ٢٠١٧



ڕیفراندۆمی باشووری سودان ٢٠١١



ڕیفراندۆمی سکۆتلەندا ٢٠١٤



ڕیفراندۆمی کەتەلۆنیا ٢٠١٧

# بەشی دووەم

# ٢

# مافەکان

## (ماف و یەکێتی نەتەوەیی)

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی یەک نیشتیمان |
| یەکەی دووەم | چەمکی میانڕەوی |
| یەکەی سێیەم | میانڕەویی لە کاروباری ژیان |
| یەکەی چوارەم | بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی و ڕێزگرتن لە یەکتر |

**ماوەی جێبەجێکردن**

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨



# ئامانجی بەش

١- زانینی گرنگیی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٢- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاکاریی و نەژادپەرستی.

٣- فێربوونی کولتووری لێبوردەیی و ڕێزگرتن و یەکتر قبووڵکردن.

٤- بونیادنانی کۆمەڵگەیەک دوور لە خۆپەرستی و تایفەگەری.

# یەکەی یەکەم



## برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی یەک نیشتیمان

**بیرۆکەی سەرەکی**

برایەتی نیشتیمانی پاڵپشتیکردن، کاری هاوبەش و هاوسۆزی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە. هاونیشتیمانی تاک لەوە بەدیدەکرێت کە پارێزەری ئاسایشی نیشتیمانەکەی بێت لەلایەنی هزری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی نێوان تاکەکانی نیشتیمان. بۆ پەرەپێدانی هەستی برایەتی لە لایەن نەوەکانی داهاتوو دەبێت ڕۆڵەکانی نیشتیمان هاوبەشبن لە خۆشی و ئازارەکان و بەخشینی گیانی لێبوردەیی و چەسپاندنی برایەتی لە نێوان ڕۆڵەکانی یەک وڵاتدا، بەمەش هەستی نیشتیمانپەروەری و پەرەپێدانی و چاندنی بەها دروستەکانی هاووڵاتیبوون ڕەنگدەداتەوە. ژیانی مرۆڤایەتی گەشە ناکات لە ژینگەیەک یەکڕیزی و لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیانی هاوبەشی تیادا لاواز بێت و جیاکاریی و جیاتاکی هەبێت. بۆیە دەبێت کۆمەڵگە لەسەر بنەمای خۆشەویستی، میهرەبانی، تەبایی و هاوکاریی بونیاد بنرێت. مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بۆیە تاکی میانڕەو ئارەزووی بە تێکەڵاوی، کارکردن، هاوکاریی و پشتگیرییە لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژێت. بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبێت تاک ڕەچاوی ئەم بنەما سەرەکییانە بگرێت وەک یەکتر قبووڵکردن، دانان بە جیاوازی، ڕێزگرتن لە بەرامبەر و لێبوردەیی.

### گفتوگۆ و فێربوون



هەموو ساڵێک ڕۆژی ٢١ی ئازار لە سەرتاسەری جیهاندا بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی نەژادپەرستی دادەنرێت و یادی دەکرێتەوە. ئایا بۆچی تاکو ئێستا نەتوانراوە کێشەی نەژادپەرستی چارەسەر بکرێت؟ چی بکرێت بۆ نەهێشتنی بیرۆکەی نەژادپەرستی؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی
٢. جیاکاری
٣. نەژاد پەرستی
٤. لێبوردەیی

## چالاکیی ناوپۆل

پەرلەمانــی کوردســتان لە ۲۱/ ٤ / ۲۰۱٥ یاســای پاراســتنی مافــی پێکهاتەکانی لە کوردســتان دەرکــرد، کە لــە ۹ مــاددە پێکهاتووە بــۆ نموونە لە بەشــی دووەم لە مــاددەی (٤) برگــەی ۲ هاتوو: هــەر پێکهاتەیەک بە یەکســانی لەگەڵ زۆرینە بــۆی هەیە مــاف و ئازادییە بنەڕەتییەکانــی بە ئازادی بیرکردنــەوە، ئــازادی ڕادەربڕین، دەزگەکانی ڕاگەیانــدن، ئازادی کۆبوونــەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕابیتەکان و ئازادی پیادەکردنی بیروباوەڕی ئایینیشەوە پیادە بکات، حکومەت بەشێوەیەکی یەکسان پابەند دەبێت بە پاڵپشتیکردن و چاودێریکردنی ئەو پیادە کارییانە لە نێوان پێکهاتەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان. بــۆ بەرەوپێشــبردنی بابەتی پێکەوەژیانی ئاشــتیانە لە کوردســتان. بنیادنانــی کۆمەڵگەیەک دوور لە نەژادپەرســتی و توندڕەویــی و بەدیهێنانــی دادپــەروەری کۆمەڵایەتی، چی بکرێت باشــە؟ بەهاوکاریی مامۆســتای بابــەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانــت گفتوگۆ لەســەر گرنگیی ئەم یاســایە بکەن.

## زیادکردنی زانیاری

**بنەماکانی جیاکاریی و نەژادپەرستی**

١. ڕەنگی پێست: مامەڵەکردنی خەڵک لەسەر بنەمای جیاوازیی ڕەنگی پێست.

٢. زمان: جیاکاری نێوان خەڵک لەسەر بنەمای جیاوازیی زمان.

٣. ئاستی کۆمەڵایەتی: جیاکاریکردن نێو تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای جیاوازیی چینایەتی.

٤. جیــاوازی کولتوور: ســەپاندنی کولتووری زۆرینە بەســەر کولتووری کەمینە و پێشــێلکردنی مافەکانیان.

٥. جیاوازی ئایین: مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایین و مەزهەب.

٦. جیاوازی سیاسیی: مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک لەسەر بنەمای جیاوازیی بیروڕای سیاسی.

## ئایا دەزانی

کۆمەڵــەی گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان ڕۆژی ۱۹۹٦/۱۱/۱٦ی دیاریکــرد بــە ڕۆژی لێبوردەیــی جیهانــی لــە نێــوان گــەلان و شارســتانیەکان بــە مەبەســتی هانــدان بــۆ لێبــوردن و گفتوگــۆ و ڕێزگرتــن و هاریکاریــی هەروەهــا نەهێشــتنی جیاکاریــی و نەژادپەرســتی.

## هزراندن و بیرکردنەوە



لە ٢٥/٩/ ٢٠١٧ خەڵکی کوردستان دەنگی بە بەڵێ دا بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە وڵاتی عێراق. ئایا هۆکاری ئەم بڕیاردانە بە بەڵێ چی بوو؟ بیرو بۆچونت لەسەر ئەم بابەتە چییە؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاریی یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بەخاڵ ڕوونبکەوە.

## من فێربووم



ڕۆڵی ئەمانەی خوارەوە بۆ نەهێشتنی نەژادپەرستی چییە و بەهێزکردنی گیانی برایەتی نێو تاکەکانی کۆمەڵگە:

١- ڕۆڵی خێزان.

٢- ڕۆڵی قوتابخانە.

٣- ڕۆڵی میدیا.

٤- ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دوای زانینی ڕۆڵی ئەم دامەزراوانەی سەرەوە فێربووم کە ڕێگەکانی نەهێشتنی نەژاد پەرستی چییە؟

## برایەتی و تەبایی



پێویستە هاونیشتیمانیبوون بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی پێوەربێت، نەک زمان و ڕەنگ و ئایین.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی گرنگیی پێکەوەژیانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا و دانان بە مافی یەکتر و نەبوونی نەژادپەرستی و جیاکاریی تێبینی دەکەم.


ئاهەنگێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی ئێزیدییەوە


موسڵمانان لەکاتی نوێژی جەژن


ئاهەنگێڕانی کریستیانەکان بەبۆنەی جەژنەوە


کۆمەڵێک گەنج لە پێکهاتەی جیاوازەکان ئاهەنگ دەگێڕن



# میانڕەوی

## بیرۆکەی سەرەکی

خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی کە هاوسەنگی و دانایی دەبەخشێت بە مرۆڤ لە بواری ئاکاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و شارستانی. میانڕەوییکردن وا لە مرۆڤ دەکات خۆی بەدوور بگرێت لە ڕەفتاری نەرێنی، زیادەڕۆییکردن، توندڕەویی، جیاکاریی و جیاتاکی، بە تایبەتی لە هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەکەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

چەسپاندنی میانڕەویی لە بیرو هزری تاکەکانی کۆمەڵگەدا واتا هەوڵدان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی، کە خزمەت بە مرۆڤایەتی و تاکەکانی کۆمەڵگە بکات، بە شێوەیەک کە هەموو تاکێک هەست بکات هەمووان لە ڕووی ماف و ئەرک و مرۆڤایەتی یەکسانن. میانڕەویی تەنها خۆ بەدوورگرتن لە توندڕەوی نییە، بەڵکو دەبێت میانڕەویی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگ بداتەوە وەک میانڕەویی لە بیرکردنەوە و تێڕوانین، هەڵوێست و ڕەوشت و خواردن و وەرزشکردن...هتد.



## گفتوگۆکردن و فێربوون

لەهەر شوێنێک تیرۆر هەبێت ئەوا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕو ئاژاوە و ماڵوێرانی.

ئایا گرنگیی پیادەکردنی بیروبۆچوونی میانڕەویی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر چییە؟

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکە.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١- ڕادەربڕین

٣- دادپەروەری

٣- پەرگیری

٤- کولتووری جیاواز

## چالاکیی ناوپۆل



کۆمەڵگەکان لە ئاستی پتەوی و یەکگرتوویاندا لە یەکتر جیاوازن، کۆمەڵگە هەیە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێو تاکەکانیدا هەیە وەک پەیوەندی ڕێز و سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و یارمەتیدان و بەهاناوەچوون، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگە هەیە بەهۆی کێبرکێ و ململانێ و یەکترشکاندن و خۆسەپاندن پەیوەندی نێوان تاکەکانی لاوازە، بۆیە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە هیچ پەیوەندییەکی سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی لەنێو تاکەکانیاندا بەدی ناکرێت.

– ئایا تۆی قوتابی تا چەند بەهانای هاوڕێ و کەسانی دەوروبەرتەوە لەکاتی تەنگانەدا دەچیت؟

بەهاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکە.

## زیادکردنی زانیاری

بەپێی ڕووپێوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە ترسی تیرۆر ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون لە مانگی ٢٠١٣/١٢ تا مانگی ٢٠١٥/٦ زیاترە لە یەک ملیۆن کەس کە دەکاتە ٢٨٪ ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم زۆربەی ئاوارەکان لە پارێزگەی دهۆک نیشتەجێبوون دواتر پارێزگەی هەولێر و سلێمانی بە پلەی دووەم و سێیەم دێن. ئەمە جگە لەو پەنابەرانەی کە لە سوریا و ئێران ئاوارەی هەرێم بوون. هۆکارەکەشی تیرۆر و شەڕ لە ناوچەکانی خۆیان بووە و بە پێچەوانەوە بوونی ئارامی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان وای کردووە کە ڕووی تێبکەن.

**ئایا دەزانی**

لادانی هزری بریتییە لە دەمارگیری و توندڕەویی و ڕووچوونە لە ئایین، سیاسەت یان هەر بیرۆکەیەکی تر. ئەمەش دەرچوونە لە میانڕەویی چونکە خاوەنی ئەم جۆرە بیرۆکانە دابڕاوە لە ژیانی کۆمەڵگەکەی بە جۆرێک بیردەکاتەوە کە پێچەوانە و دژی بەها کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتییە.

## هزراندن و بیرکردنەوە



یەکێک لــە بنەماکانی گفتوگــۆ بریتییە لــە ڕێزگرتــن لــە ڕای بەرامبــەر و کاتێک بەرامبەرەکەت دەدوێت دەبێت بێدەنگی بنوێنیت و گوێــی بۆ ڕاگــری تا پەیامەکــەی دەگەیەنێــت، نابێت بە هیچ شــێوەیەک قســەی ببڕی یان تــوڕە ببیت. چونکە مەبەســت لە گفتوگۆکردن گەیشــتنە بە چارەســەر و ئامانــج نەوەک یەکتر شــکاندنەوە و ڕاســەپاندن بێت. گرنگــی میانڕەویی لــە گفتوگۆدا بە چەند دێرێک بنووســە؟

## من فێربووم



کاریگەریی هەر یەکێک لەم دەســتەواژانەی خــوارەوە لــە بۆچوونــی تــۆدا چییە، بینووســـە:

١- بێفیزی و خۆبەزل نەزانین.

٢- ئازادیی بیرکردنەوە.

٣-لێبوردن لە هەڵەی بەرامبەر.

دوای ناســاندنی ئەم دەســتەواژانەی ســەرەوە فێربووم، کە مرۆڤ دەبێت کەســێکی ســادە و بێفیز بێت و ڕێــز لــە بیروڕای هەمــوو کەســێک بگرێت، هەروەهــا لێبوردەیــی بکات بە پیشــەی ژیانــی هەرگیز لە هەڵــەی کەســانی دەوروبــەری توڕەنەبێت.



### توندوتیژی دەروونی

بریتییــە لــە دەربڕینــی ڕق و کینە بەرانبــەر خەڵک یــان گاڵتەکردن و ســەیرکردنی خەڵــک بــە چاوێکی کــەم و هەروەها جیاکاریــی کردن لە هەڵســوکەوت یان پشتگوێخســتنی خەڵک یان دەربڕینی وتەی ناشــرین.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی کاریگەریی تیرۆر و شەڕ و ئاژاوە لە سەر ژیانی مرۆڤەکان و تێکچوون و وێرانبوونی شارەکان و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی دەکەم.


ئاوارەبوونی خەڵک بەهۆی شەڕ


شەڕ دەبێتە هۆی بێبەشبوونی منداڵان لە خوێندن


شەڕ دەبێتە هۆی وێرانکاری ژێرخانی ئابووری


شەڕ دەبێتە هۆی بێبەش بوونی منداڵان لە نازی دایک و باوکیان

# یەکەی سێیەم



## میانڕەویی لە کاروباری ژیاندا

### بیرۆکەی سەرەکی

میانڕەویی لە ژیانی ڕۆژانەدا شتێکی پێویستە چ لە بیرکردنەوەدا بێت یان لە هەڵسوکەوتکردن بێت. لەبەر ئەوەی میانڕەویی دەبێتە هۆکاری دورکەوتنەوەی مرۆڤ لە هەر کارێک کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خودی تاکە کەس و کۆمەڵگە، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و زێدەڕۆیی لە پێداویستیەکانی ژیاندا.

### گفتوگۆکردن و فێربوون



میانڕەوی پێداویستییەکی مرۆڤایەتییە و پێویستە هەبێت بە تایبەتی لەبواری ئایین و سیاسەتدا، چونکە ئەم دوو بوارە بنەمای سەرەکین لە بونیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا. بەهاوکاریی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت لەسەر ئەم تەوەرە گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. سامانی گشتی.
٢. زێدەڕۆیی
٣. ویژدان
٤. پشوودرێژی

## چالاکیی ناوپۆل



تۆ لەلایەن دەستەی کارگێڕی قوتابخانەوە وەک نوێنەری قوتابخانەکەت هەڵبژێردراوی بۆ ئەوەی بەشداری بکەی لە کۆنفراسی ساڵانەی قوتابخانەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی میانڕەویی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی کە لە قوتابخانە ڕوودەدەن، ئەو وتارەی کە ئامادە دەکەی بۆ ئامۆژگاریکردنی قوتابیانە بۆ دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پیادەکردنی میانڕەویی، بە هاوکاری مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ بکەن لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردنی وتارەکە.

## زیادکردنی زانیاری

میانڕەویی تەنها لایەنی سیاسیی و بیرکردنەوە ناگرێتەوە بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و تەندروستی و ئابووریش دەگرێتەوە. بۆ نموونە میانڕەویی لە خواردن و خواردنەوە، میانڕەوی لە بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، میانڕەوی لە خەرجکردنی پارە، میانڕەوی لە بەفیڕۆنەدانی کات.

## ئایا دەزانی

پەیوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان چەمکی ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک، بۆ نموونە کەمبوونەوەی ئاوی پاکی خواردنەوە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی وڵات چونکە ئاوی پاک سەرچاوەی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان و هەندێک کارگە و کۆمپانیایە، بۆیە دەستگرتن بە ئاوی پاک ئەرکێکی نیشتیمانییە.

## هزراندن و بیرکردنەوە



میانڕەویی لە خواردن و خواردنەوە سوودی چییە؟ بۆچی دەبێت مرۆڤ خۆی لە زێدەڕۆیی لە خواردن بپارێزێت؟ بە شەش دێرتێبینی و تێڕوانینی خۆت لەسەر ئەم بابەتە بنووسە؟

## من فێربووم



سەرنج بدە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دواتر گرنگی هەریەکێکیان بنووسە.

١- بەفیڕۆنەدانی وزەی کارەبا.

٢- بەفیڕۆنەدانی ئاو.

٣-بەفیڕۆنەدانی پارە.

٤-بەفیڕۆنەدانی کات.

دوای زانینی گرنگیی ئەم دەستەواژانەی سەرەوە فێربووم، کە بەفیڕۆنەدانی سەرچاوەی گشتیی ئەرک و بەرپرسیارێتی نیشتیمانییە.



## کاریگەری نەرێنی تەکنۆلۆجیا:

زیادەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا وەک (ئایپاد، مۆبایل، یاریی ئەلیکترۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەڤزیۆن) کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بۆ نموونە منداڵان تووشی نەخۆشی ئۆتیزم، چاوکزی، لاوازی یادەوەری، توندوتیژی و دوورەپەرێزی لەکۆمەڵگەدەکات.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کە میانڕەویی لە ژیانی ڕۆژانەدا چەند گرینگە.



نا بۆ توندوتیژی لە نێو قوتابیان



بەفیڕۆدانی کارەبا



زۆر خواردن هۆکاری قەڵەوییە



بەفیڕۆدانی ئاو

# یەکەی چوارەم



## بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی و ڕێزگرتن لە یەکتری

### بیرۆکەی سەرەکی

توندڕەویی چەمکێکە لەگەڵ چەندین چەمکی تر وەک جیاکاریی (نەژادی و ئایینی و تایفی و ڕەگەزی) دەگونجێت. مەترسی توندڕەویی لەوەدایە، کە تاکی توندڕەو لە ناخیەوە وا بیردەکاتەوە کە تەنها ئەو ڕاستە بەڵام خەڵکی تر هەمووی هەڵەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەش پەڵدەهاوێت بۆ ئەوەی تاکی توندڕەو تەنها هاوڕا و هاوکۆک بێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەمان بیرکردنەوەیان هەیە، لەهەمان کاتدا ڕقی لە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەبێتەوە و دان بە مافی هیچ کەس نانێت، زیاتر لەوەش ئەم ڕق و کینە وا لە کەسی توندڕەو دەکات کە هەندێکجار پەنا بۆ کاری نەشیاو و تیرۆر ببات.

### گفتوگۆکردن و فێربوون



نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) کۆنگرەی یەکەمی (دوربەن) لە ئابی ٢٠٠١ لە باشووری ئەفریقیا بەست هەروەها کۆنگرەی دووەمی (دوربەن) لە ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٩ بەست ئامانج لە هەردوو کۆنگرەکەش بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی نەژادپەرستی.
ئایا بۆچی (نەتەوەیەکگرتووەکان) ئەوەندە بایەخ بە بەرەنگاربوونەوەی نەژادپەرستی دەدات؟
بەهاوکاریی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت لەسەر ئەم تەوەرە گفتوگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. نەژادپەرستی (ڕەگەزپەرستی)
٢. جیاوازی بیرورا
٣. دەمارگیری
٤. ڕێزگرتن

## چالاکیی ناوپۆل



گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توندڕەویی بریتییە:

١. خۆبەزلزانین.
٢. هەستکردن بەکەمی خود.
٣. بیرکردنەوەی تەسک.
٤. نەزانین و ناشارەزایی.
٤. لەدەستدانی ئامانجێک.
٥. لێکدانەوەی خراپ بۆ دەقی ئایین.
٦. خۆپەرستی.
٧. بە پیرۆزکردن.

توندڕەویی لەسەر کۆمەڵگە و ئابووری وڵات مەترسییە، ئایا گرنگترین ئەو ڕێکارانە چین، کە پێویستە بگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی میانڕەو. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکە.

## زیادکردنی زانیاری

بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی هەموو شێوازەکانی نەژادپەرستی لە لایەن کۆمەڵەی گشتی سەری بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٩٦٥/١/٢١ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش بە هەمواری چاپی سێیەمی مافی مرۆڤ دادەنرێت کە لە ١٨ مادده پێکهاتووە، ئامانج لەم ڕێککەوتنە نەهێشتنی جیاکردنەوە و جیاخوازی نەژادییە و هەژمارکردنی بە تاوان بەپێی یاسای نێودەوڵەتییە. هەروەها قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژیی و بەتاوان دانان و سزادانی ئەو کەس و لایەنانەی ئەنجامی دەدەن، چونکە هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لەدایک دەبێت و خاوەن ماف و شکۆمەندییە و مافی خۆیەتی کە بەئازادی پیادەی بیروباوەڕی بکات و هەستی و سۆزی خۆی دەرببڕێت.

**ئایا دەزانی**

دیماگۆگی حاڵەتێکی چەقبەستووی هزرییە، کەسەکە دەمارگیر دەبێت بۆ بیروباوەڕی خۆی، تا ڕادەیەک بیروباوەڕی دیکە ڕەتدەکاتەوە، ململانێش دەکات بۆ سەپاندنی ڕاستی بیرۆکە و ڕای خۆی.

## هزراندن و بیرکردنەوە



لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و گرنگی بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەدات وەک هاوڕێیەتیکردن کە شتێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا. بەڵام هەندێکجار هەرزەکار و لاوان دەکەونە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی هاوڕێی خراپ کە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونیان دروست دەکەن و وایان لێدەکەن کە پەنا بۆکاری توندوتیژ و نەخوازراو ببەن. ئایا چارەسەر چییە بۆ خۆدوورگرتن لەم جۆرە هاوڕێیانە؟ بە شەش دێر تێبینی و تێڕوانینی خۆت لەسەر گرنگیی ئەم بابەتە بنووسە؟

## من فێربووم

**ستراتیژیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرنگاربوونەوەی تیرۆر**

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٨ کۆمەڵەی گشتیی بە ئامادەبوون و ڕەزامەندبوونی گشت وڵاتانی ئەندام بڕیاری ٢٨٨/٦٠ی دەرکرد بۆ بەرەنگاربوونەوە و ئیدانەکردنی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان بە هەموو شێوازێکیەوە و ئیدانەکردنی هەر کەس و لایەن و وڵاتێک کە بە کاری ترس و تۆقاندن هەڵبستێت، جا بە هەر شێوازێک ئەنجام بدرێت یان بە هەر مەبەستێک ئەنجام بدرێت.

تیرۆر یەکێکە لە مەترسیدارترین هۆکار کە هەڕەشە لە ئاشتیی و ئاسایشی جیهان دەکات. بۆ نەهێشتنی دیاردەی تیرۆر چوار پێوەر دیاریکرا کە بریتییە:

١. گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ڕێگەگرتن لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی تیرۆر.

٢. گرتنەبەری ڕێگە و شێوازی گونجاو بۆ قەدەغەکردنی دیاردەی تیرۆر.

٣. گرتنەبەری ڕێگەی یارمەتیدان و بەهێزکردنی توانای وڵاتان بۆ قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

٤. گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ گەرەنتی پاراستنی مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا لەسەر ئاستی جیهان چونکە مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ نەهێشتنی تیرۆر.

**– دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە گرنگیی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی تیرۆرم بۆ دەرکەوت، کە تیرۆر دیاردەیەکە مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی و ئاسایشی جیهان هەیە. بۆیە دەبێت بە هەموومان بۆ دابینکردنی جیهانێکی پڕ لە ئاشتیی و ئارامی بەرەنگاریی تیرۆر و ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تیرۆر ببینەوە.**

## کاریگەری توندڕەویی لەسەر دەروون



توندڕەویی کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکی توندڕەو هەردەم هەست بە دڵەڕاوکێ و تاوان و متمانە بەخۆنەبوون بکات لەگەڵ توشبوون بە چەندین کێشەی تەندروستی.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کە ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەند گرنگە بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان و دابینکردنی ئاشتی و ئارامی گرنگن.

unicef

ڕێکخراوی یونیسێف

INTERNATIONAL

FEDERATION

یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ کۆمەڵەی مانگی سوور و خاچی سوور

UNHCR

The UN Refugee Agency

ڕێکخراوی پەنابەران

Save the Children

ڕێکخراوی منداڵپارێزی جیهانی

بەشی سێیەم

٣

# کارامەییەکان

# کارامەیی دەروونی


| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | هەڵسەنگاندنی خود |
| یەکەی دووەم | پەرەپێدانی بەهرەکان |
| یەکەی سێیەم | متمانە بەخودبوون |
| یەکەی چوارەم | کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان |

ماوەی جێبەجێکردن

٤ ژمارەی هەفتە

٨ ژمارەی بەشەوانە





# ئامانجی بەش

- ناساندنی هەڵسەنگاندنی خود.
- بایەخدان و بەرەوپێشبردنی بەهرەکان.
- چۆنیەتی متمانە بەخۆبوون و پیادەکردنی.
- چۆنییەتی کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆز.

یەکەی یەکەم

# هەڵسەنگاندنی خود



## بیرۆکەی سەرەکی

هەڵسەنگاندنی تاکە بۆ خودی خۆی بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی. تاکی خود بەرز سەیری کەسانی دیکە ناکات بە چاوی ئیرەیی، گومان و ترس، لە هەمان کاتدا هاوکار، بوێر و بەرێزە و ڕەچاوی هەستی خەڵک دەکات و توانای بڕیاردانی هەیە و باوەڕی بە خودی خۆی هەیە هەر کارێک بکات سەرکەوتوو دەبێت گەر بەراورد بکرێت بە تاکی خود نزم کە تەنها بە نەرێنی بیردەکاتەوە و پێش بڕیاردانی هەر کارێک توشی دڵەڕاوکێ و ترس دەبێت. هەڵسەنگاندنی خود دوو پێکهێنەری بنەڕەتی هەیە، لێهاتوویی خود و بەهای خود. لێهاتووی خود واتا باوەڕ و متمانە بە خۆبوون کە توانای خۆ گونجان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئاستەنگەکانی ژیانی هەیە. بەهای خود واتا لە بنەڕەتدا تاک خودی خۆی پەسندە بێ مەرج و کۆت و هەست بەوە بکات کە شایەنی ژیانە و دەگات بە بەختەوەری، هەست بەگرنگیی بایەخی خودی خۆی بکات. بەهای خود و لێهاتووی خود وا لە تاکی خود بەرز دەکەن کە هەست بە ڕازی بوون لەخودی خۆی بکات.



## گفتوگۆکردن و فێربوون:

کاتێک مرۆڤ هەڵەیەک دەکات و سەرناکەوێت نابێت گلەیی لە خێزانەکەی بکات کە هۆکاربوون بۆ سەرنەکەوتنی بەڵکو دەبێت گلەیی و گازاندە لە خودی خۆی بکات کە کەمتەرخەم بووە، هەوڵی تەواوی نەداوە بۆ گەیشتن بە ئامانج بۆیە بۆ هەڵسانەوەی دەبێت سوود لە هەڵەکانی وەربگرێت و بەردەوام بێت و کۆڵنەدات.

لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ هاوپۆلەکانت و بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتۆگۆ بکەن؟

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. کەسایەتی
٢. پشت بەستن بەخود
٣. دڵەڕاوکێ
٤. دوورەپەرێزی

## چالاکیی ناوپۆل

ئەو جۆرە کەسانەی کە هەست دەکەن خودێکی لاوازیان هەیە، نرخ بۆ خودی خۆیان دانانێن ئەوا توشی هەندێک گرفتی دەروونی دەبنەوە وەک:

١. دوورەپەرێزی.
٢. دروستکردنی کێشە و گرفت بۆ دەورووبەری.
٣. ترس و دڵەڕاوکێی هەیە بەجۆرێ ناتوانێت لە بەرامبەر خەڵک و لەناو کۆمەڵگە قسە بکات یان ڕای خۆی دەرببڕێت.
٤. لەبەر بیرکردنەوەی نەرێنی ناتوانێت ئامانجەکانی بهێنێتە دی.
٥. تووشی هەندێک هەڵسوکەوتی خراپ وەک جگەرەکێشان و وازهێنان لە خوێندن دەبێت...هتد.
٦. لە ڕەخنەگرتن دەترسێت وا بیردەکاتەوە گەر ڕای خۆی دەرببڕێت ئەوا بیربۆچوونێکی هەڵەیە و دەکەوێتە ژێر ڕەخنەلێگرتن و گاڵتە پێکردن لەلایەن دەوروبەری.

چۆن وا بکەین تاک خودێکی بەهێزی هەبێت بۆ ئەوەی دووربێت لە گرفتە دەروونییەکان. لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ هاوپۆلەکانت بە یارمەتی مامۆستای بابەت گفتوگۆ بکە.

## زیادکردنی زانیاری

نموونەی کەسایەتی سەرکەوتوو لە ژیاندا:

بیل گیتس دامەزرێنەری کۆمپانیا مایکروسۆفت هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە پلانی بۆ خەونەکانی دادەنا بیری دەکردەوە کاتێک دەگاتە تەمەنی سی ساڵی دەبێت ببێت بە ملیۆنێر. بەڵام کاتێک تەمەنی بوو بە ٣٠ ساڵ نەک هەر بوو بە ملیۆنێر بەڵکو بوو بەملیاردێر و تائێستاش یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کەسایەتیەکانی جیهان. هۆکاری سەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆمتمانە بەخۆبوون، زۆر خوێندنەوە، بەردەوام بوون و کۆڵنەدان، سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان، پلاندانان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و کارکردن لەسەر یەک ئامانج. ئەم بنەمایانە بوونە هۆکاری سەرکەوتنی بیل گیتس. بیل توانی بەهاوکاریی پۆل ئالینی هاوڕێی کۆمپانیای مایکروسۆفت لە ساڵی ١٩٧٥ دابمەزرێنن، کە ئەوکات تەمەنی تەنها ٢٠ ساڵ بوو.

## ئایا دەزانی

شەرمکردن دەبێتە هۆی ئەوەی تاک متمانەی بە خودی خۆی لاواز بێت و بەردەوام هەست بە شەرمەزاری و نووشستی بکات لە ناو خەڵکدا.



## هزراندن و بیرکردنەوە

خۆنەویستی واتا ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشەو لات پەسندە ئەوا بۆ هاوڕێیەکانت پێتخۆشبێت و بەمافی ئەوانیش بزانیت. بۆ نموونە شتێک لات زۆر بەنرخە بەڵام تۆ لەبەر خۆشەویستیت بۆ هاوڕێیەکەت یان ئەندامێکی خێزانت ئەوا ئەم شتەت بەدیاری داوە بە هاوڕێیەکەت. ئایا گرنگیی خۆنەویستی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی چییە؟ ئەم بابەتە بە شەش دێر ڕوونبکەوە؟

## من فێربووم

گرنگترین ڕێگەکانی هەڵسەنگاندنی خود و بەرزکردنەوەی نرخی خود:

**بۆ ئەوەی کەسێکی سەرکەوتوو بیت لە ژیاندا و خودێکی ئاست بەرزت هەبێت ئەوا ئەم خاڵانەی خوارەوە پیادە بکە:**

١. ڕووبەڕووی ترسەکانت ببەوە و پشتبەخۆت ببەستە هەرگیز لە کێشەوگرفتەکان ڕامەکەو و پشتگوێیان مەخە.

٢. بیرۆکەی نەرێنی بکە بە ئەرێنی بۆنموونە گەر لە تاقیکردنەوەیەک نمرەی باشت بەدەست نەهێنا ئەوا هەرگیز بە نەرێنی بیر مەکەوە کە تۆ ناتوانیت نمرەی باش بەدەست بهێنیت بەڵکو بیربکەوە کە ئەوە تەنها دەستپێک بوو بۆ باشتربوون و سەرکەوتن.

٣. کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بکە بەنموونەی ژیانت .

٤. ئامانجەکانت دیاربکەو پلانی بۆ دابنێ بۆ بەدیهێنانی خەونەکانت.

٥. بەردەوام یارمەتی و هاریکاری هاوڕێ و کەسانی دەوروبەرت بدە.

٦. ڕێز لە بیروڕای بەرامبەرت بگرە و ڕووخۆشبە.

٧. بەردەوام بیربکەوە کە تۆ کەسێکی خۆشەویستی لە ناو خێزان و دەوروبەرو کۆمەڵگە.

– دوای خوێندنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە فێربووم کە چۆن کەسایەتی سەرکەوتوو دروست دەبێت.

## هەڵسەنگاندنی ئەرێنی خود:




ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندنی ئەرێنیان بۆ خودی هەیە بە بەراوورد بەو کەسانەی ئاستی هەڵسەنگاندنیان بۆ خودی خۆیان نزمە، خۆشحاڵترن، تەندروستتر و بە بەرهەمترن، چونکە هەڵسەنگاندنی بەرز بۆ خود گیانی داهێنان و گەشبینی دەچەسپێنێت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەختیەکانی ژیان.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم هەموو کەسێک لە سەرەتای ژیانیدا کەسانی سادە و نەناسراون، بەڵام بەهۆی هەڵسەنگاندنی ئەرێنییان بۆ خودی خۆیان و هەوڵ و کۆششیان بوون بە کەسانی ناوداری جیهان.


ئۆپرا وینفری پێشکەش کاری بەرنامەی ئۆپرا شۆ


ئەکیۆ مۆریتا دامەزرێنەری کۆمپانیای سۆنی


جوان رۆلینگ نووسەر رۆمانی هاری پوتەر


بیل گیتس دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسوفت

یەکەی دووەم

# پەرەپێدانی بەهرەکان

## بیرۆکەی سەرەکی

هەمـوو مرۆڤێک بەهــرە و توانا و زیرەکی و تایبەت بەخــۆی هەیە، بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانــی لــە تاکێک بۆ تاکێکی تــر دەگۆڕێت. واتا تاک هەیــە متمانەی بەرزە و بــاوەڕی بەتوانای خۆی هەیە، بۆیە زوو بەهــرە و تایبەتمەندیەکانی دەدۆزێتەوە و بەکاری دەهێنێت و داهێنان دەکات بۆ گەیشــتن بــە ئامانج و خەونەکانی.
بــەڵام هەندێــک مرۆڤــی تر لەبــەر ئەوەی بــاوەڕی بــە خودی خــۆی لاوازە یــان بــاوەڕی نییە کە لەخــودی خۆیــدا بەهــرە و توانــای هەیــە، ئــەوا هــەردەم بیردەکاتــەوە کــە لەژیانــدا کەســێکی ســەرکەوتوو نییە و مێشــکی توانــای وەرگرتن و تێگەیشــتنی نییە. ئەمەش بیــرو بۆچوونێکی هەڵەیە، بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم گرفتــە دەبێت مرۆڤ بــاوەڕی بە خــودی خۆی هەبێــت، کە ئــەو بەهرە و تایبەتمەندیــەی لــە کەســایەتی ئــەودا هەیــە لە خەڵکــی تردا نییــە، تەنهــا ئەوەی پێویســتە کە هەوڵبــدات بــۆ دۆزینــەوەی بەهرەکانــی و بەکارهێنانــی بــۆ داهێنــان و بەرەوپێشــبردنی کۆمەڵگە.

## گفتوگۆکردن و فێربوون:



کۆچەر بیرکار تاکو ئێســتا دەیــان توێژینەوەی زانســتی لە بابەتــی بیرکاری داهێنــاوە. لەزانکۆی کامبریــج وانــەی بیــرکاری بــە قوتابییــە زیرەک و بەهرەمەنــدەکان دەڵێتــەوە. چــۆن وابکەین هاوشــێوەی کۆچەر بیــرکار پەرە بــە بەهرەکانمان بدەین؟ بــە هاوکاریی مامۆســتای بابەت گفتوگۆ لەســەر ئــەم بابەتە بکەن.

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. داهێنان
٢. توانای بیرکردنەوە
٣. بلیمەتی
٤. کەسی جیاواز

## چالاکیی ناوپۆل

هەمــوو مرۆڤێــک خاوەن بەهرەی تایبــەت بە خۆیەتی، وە پێویســتە تاک ئــەم بەهرەمەندیە لەخۆیدا بدۆزێتــەوە و گەشــەی پێبدات. دۆزینەوەی بەهــرەش لەڕێگەی ئارەزوو و خولیای مــرۆڤ خۆی دەبینێتەوە، بۆنموونــە یەکێک خولیای هەیە لە بــواری کۆمپیوتــەر و بەرنامەکانی، یەکێک ئــارەزووی بواری هونەری هەیــە، یەکێک لە بواری پزیشــکی، یەکێک لە بــواری وەرزش....هتد.

بــۆ ئــەوەی تاک بگات بە ئارەزووەکانی پێویســتە باوەڕی بەخــۆی هەبێت و هەوڵبدات بەســەر ڕێگرییەکان زاڵ ببێت.

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ لەگەڵ هاوپۆلەکانت بکە.

## زیادکردنی زانیاری

**نموونەی کەسایەتی سەرکەوتوو لە ژیاندا:**

فەرەیدون درەخشــانی ناســراو بــە کۆچەر بیرکار لە ســاڵی ١٩٧٨ لە دایــک و باوکێکی جوتیار لە شــاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان لە دایکبووە. لە ســاڵی ١٩٩٩ لە زانکۆی تاران بەشــی بیرکاری تەواودەکات. لە ســاڵی ٢٠٠٠ لە لەندەن بەشــداری ئۆلمپیادی بیرکاری نێودەوڵەتی دەکات و لەســەر ئاســتی جیهان پلەی ٦٢ بەدەســت دەهێنێت، ئەمە یەکەم ئەزموونــی ژیانی بوو لە بواری بیرکاری. بــەڵام کۆچەر بیرکار کۆڵینەدا و بــاوەڕی بە توانا و بەهرەی خــۆی هەبوو. بۆیە لە زانکۆی نۆتینگهام بڕوانامەی ماســتەر و دکتۆرا بەپلەی نایــاب تــەواو دەکات و بــۆ ماوەیەک لەم زانکۆیە وەکو پرۆفیســۆر وانە دەڵێتەوە. ئێســتا مامۆســتایە لە زانکــۆی کامبریدج، خاوەنی چوار خەڵاتــی جیهانییە لە بواری بیرکاری کــە بەناوبانگترینیان خەڵاتی نۆبڵی بیرکارییە کە لە ٢٠١٨/٨/١ بەدەســتیهێنا.

## ئایا دەزانی

خەڵاتــی فیلدز ناســراو بە خەڵاتی نۆبــڵ بۆ زانایانــی بیرکاری، هەر چوار ســاڵێک بــە زانایەکــی بیــرکاری دەدرێت کــە داهێنانی نوێــی لە بابەتــی بیــرکاری کردبێت. بەمەرجێــک نابێــت تەمەنی لــە چل ســاڵ زیاتر بێت.

## هزراندن و بیرکردنەوە



لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دایک و باوک بڕیار لەسەر حەز و چارەنووسی منداڵەکانیان بۆ دیاریکردنی کۆلیژ و بەشی خوێندن دەدەن.
بۆ نموونە تاک هەیە ئارەزوو دەکات بچێتە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەڵام دایک و باوکی ڕێگرن لەبەردەم خەونەکانی و ئامۆژگاری دەکەن کە زۆرتر خۆی ماندوو بکات لە خوێندن بۆ ئەوەی ببێت بە پزیشک یان ئەندازیار. ئایا تۆ تاچەند لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونە هاوڕای کە دایک و باوک بڕیار لەسەر چارەنووس و ئارەزووی منداڵەکانیان بدەن؟ بە شەش دێر تێڕوانینی خۆت ڕوونبکەوە؟

## من فێربووم

ئەو شێوازانەی کە دەبنە هۆی دۆزینەوە و گەشەپێدانی بەهرە لای مرۆڤ:

١. متمانە بەخۆبوون.
٢. خوێندن و خوێندنەوەی بەردەوام.
٣. بایەخدان بە ئارەزوو و حەزەکان.
٤. بیرکردنەوە لە داهێنان.
٥. ڕاهێنان و تاقیکردنەوە.
٦. بەردەوامبوون و کۆڵنەدان.
٧. پەند وەرگرتن لەهەڵەکان و گۆڕینیان بۆ باشە.

– دوای خوێندەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە فێری چۆنیەتی دۆزینەوە و پەرەپێدانی بەهرەمەندی بووم.


## ستیفن هۆکینک



ستیفن هۆکینک یەکێک بوو لە ناودارترین زانایانی فیزیا لەسەر ئاستی جیهان. هەرچەندە لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا توشی نەخۆشی ئیفلیجی جوڵەکردن بوو بەڵام لەبەر ئارەزووی بۆ زانستی فیزیا و متمانە بەخۆبوونی، نەخۆشیەکە نەبووە ڕێگر لەبەردەم داهێنانەکانی و گەشەپێدانی بە زانستی فیزیا.

## دەرئەنجام

بەسەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم مەرج نییە هەژاری ڕێگر بێت بۆ ئەوەی کەسێکی سەرکەوتوو و داهێنەرم لێدەربچێت.



کۆچەر بیرکاری خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ بیرکاری


جاک ما دامەزرێنەری وێب سایتی علی بابا و علی ئیکسپرێس


کولونیل ساندرز دامەزرێنەری زنجیرە چێشتخانەی کنتاکی


ئەنگیلا میرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا

## یەکەی سێیەم




# متمانە بەخود بوون

### بیرۆکەی سەرەکی

باوەڕی مرۆڤە بەتوانا و ئامانج و بڕیارەکانی، باشی پشت بەستنی مرۆڤ بەخودی خۆی، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدایە بەبێ زێدەڕەو، هەروەها توانای کۆنترۆلکردنی ئاخاوتن و کرداری خۆی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە سەختەکانی ژیان و کلیلی سەرکەوتنە لەگشت بوارەکانی ژیاندا وە بنەمایە لە پێکهاتەی کەسایەتی تەندروست.
دەبێت مرۆڤ بەردەوام هەڵسەنگاندن و نرخدانان بۆ خودی خۆی بکات، ئایا تا چەند سەرکەوتووە لە بڕیارەکانی و کارەکانی هەروەها تا چەند توانیویەتی سود بە دەوروبەری بگەیەنێت. باوەڕ بەخود بوون و خۆشەویستی خود مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە تاک تەنها خۆی پێ ڕاست بێت یان مافی بەرامبەر پێشێل بکات. بەڵکو مانای ئەوەیە، کە تاک متمانەی بە توانا و لێهاتوویی خۆی هەبێت بۆ بڕیاردان و جێبەجێکردنی کارەکان بۆ ئەوەی کەسێکی بەسوود بێت بۆ کۆمەڵگەکەی.

### گفتوگۆکردن و فێربوون:



بڕیاردان ئەرکی تۆیە، ڕێگە مەدە کەسێکی دیکە کارت لێ بکات بڕیارت پێ بگۆڕێت، دوودڵ مەبە لە جێبەجێکردنیان .
بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

- ١- توانای بڕیاردان
- ٢- زمانی جەستە
- ٣- ئامانج
- ٤- بیرکردنەوەی ئەرێنی

## چالاکیی ناوپۆل

**چیرۆکی جاک ما - ملیاردێری چینی**

لەتەمەنی ١٢ ساڵان ئارەزوی فێربوونی زمانی ئینگلیزی کرد بۆیە بۆ ماوەی ٨ ساڵ ڕۆژانە بە سواری پاسیکل بۆ ماوەی چل خولەک دەچوو بۆ هۆتێلێکی گەشتیاری نزیک دەریاچە هانگچۆ بۆ ڕابەریکردنی گەشتیاران بەخۆڕایی، تاکە ئامانجی تەنها فێربوونی زمانی ئینگلیزی بوو. کاتێک قۆناغی ئامادەیی تەواوکرد دوو جار تاقیکردنەوەی کرد بۆ وەرگیران لە زانکۆ بەلام هەردووجار دەرنەچوو، کەچی (جاک ما) باوەڕی بە خودی خۆی هەبوو و کۆڵی نەدا تاکو بۆ جاری سێیەم لە زانکۆی هانگچۆ وەرگیرا. کاتێک زانکۆی تەواوکرد بۆ ماوەی پێنج ساڵ بوو بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بەمووچەی مانگانە (١٢ تا ١٥) دۆلار. لەساڵی ١٩٩٥ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشتیکرد بۆ کارکردن وەک وەرگێڕی زمان لەشاری سیاتل لەم سەردانەیدا چاوی بەهەندێک هاوڕێی کەوت و هاوڕێیەکانی لەسەر ئینتەرنێت و گرنگیی ئینتەرنێت زانیارییان پێدا. (جاک ما) دەڵێت یەکەم جاربوو دەستم لە کیبۆردی کۆمپیوتەر دا. کاتێک گەڕایەوە بۆ چین بڕیاریدا بە دروستکردنی پەیجێکی ئەلیکترۆنی بۆ کاروباری بازرگانیی و ناوی نا (پەیجەکانی چینی). لەساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ ١٨ لە هاوڕێیەکانی بڕیاریاندا بە دامەزراندی سایتێکی ئەلیکترۆنی جیهانی بەناوی عەلی بابا بۆ بازرگانیکردن لەسەر ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٣ پەیجی ئەلیکترۆنی (تاوبا)ی بۆ کاروباری بازرگانی ئەلیکترۆنی دامەزراند. ئەم کارانە وایکرد، کە (جاک ما) بەخەونەکانی بگات و لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو بە ملیاردێر.


- لەم چیرۆکە چی فێر بووی؟
- متمانە بەخود بوون و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەئامانج سوودی چییە بۆ داهاتوو؟
- بەیارمەتی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی متمانە بەخود بوون بکەن.

## زیادکردنی زانیاری

داهێنەری گەورە تۆماس ئەدیسۆن لەژیانی داهێنەریدا زیاتر لە (١٠٠٠) داهێنانی کردووە، بەڵام ئەوە جێگەی سەرنجە، ئەدیسۆن بۆ دروستکردنی گلۆپ پاش چەندین هەوڵی سەرنەکەوتوو، لە کۆتاییدا توانی بەسوودوەرگرتن لە هەوڵەکانی پێشووی سەرکەوتنێکی گەورە بەرجەستە بکات و گلۆپ دروست بکات. ئەمەش متمانە بەخودبوونی ئەدیسۆن دەگەیەنێت کە بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدابووە بۆ ئەوەی بگات بە ئەنجام.

**ئایا دەزانی**

ریچی ستەهۆفسکی لە ساڵی ١٩٩٦ کە ئەو کات تەمەنی تەنها ١١ ساڵان بوو ئامێری قسەکردن لە ژێرئاوی داهێنا.



## هزراندن و بیرکردنەوە

هەمــوو مرۆڤێــک کۆمەڵێــک هیــواو ئاواتی تایبــەت بەخۆی هەیــە، کە هانــی دەدات بۆ ئەوەی هەوڵبدات تا ئاواتەکانی بەدیبهێنێت.
بــەڵام کاتێک تاک لــە بەدیهێنانی یەکێک لــە ئاواتەکانی ســەرکەوتوو نابێت ئەوا ئــەم تاکە متمانە لە دەســت دەدات و بێهیوا دەبێت. بۆیــە بۆ بەدەســتهێنانی ئامانجەکان دەبێت مرۆڤ لــەڕووی دەروونییەوە خــۆی ئامــادە بــکات و متمانەی بە خــۆی هەبێت گەر جــاری یەکەم ســەرکەوتوو نەبوو ئــەوا بۆ جاری دووەم و ســێیەم هەوڵبــدات و ســارد نەبێتەوە تــا دەگات بەئامانج. تێڕوانینت چییە لەســەر گرنگیی ئەم بابەتە بە شــەش دێــر ڕوونیبکەوە.

## من فێربووم

هەنگاوەکانی متمانە بەخودبوون:

١ . بەئەرێنی بیربکەوە.

٢ . گۆڕینــی زمانــی جەســتە، بــەوەی لەکاتــی ئاخاوتن تەماشــای چاوی کەســانی دیکــە بکەیت،تا هەســت بە متمانــەو دڵنەوایــی بکــەن بەرامبەرت.

٣ . لە ڕێی خولی ڕاهێنان وئەنجامدانی وەرزشەوە پەرە بەتواناکانی خۆت بدە.

٤ . لە ڕێی خوێندنەوەو بەدواداچوونی شتی نوێ پەرە بە تووانای مێشک بدە.

٥ . یارمەتیدانی کەسانی دیکە چونکە هەستکردن بە متمانەو لە خۆ ڕازیبوون زیاد دەکات.

٦. کۆمەڵێک ئامانجی بچوک دیاربکە و بەدەستیان بهێنە.

دوای خوێندنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوەی فێربووم چۆن متمانە بەخودبوون بەدەستبهێنم.



### کەسێتی نێرگسی(خودئەڤین)

واتــا خۆشەویســتی خــود و خۆپەرســتی تــا ڕادەیــەک کــە تاکــی نێرگســی(خودئەڤین) خۆی لە هەموو کەســی گەورەتر، باشــتر، جوانتر، ژیرتــر دەزانێــت، بەچاوێکی گاڵتەجاڕی ســەیر کەســانی دیکــە دەکات، لەهەمانکاتــدا بە ئامــۆژگاری و ڕەخنــەی هەموو کەســێک تووڕەدەبێت.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کە خێزان و چالاکی قوتابخانە و کەمپی هاوینە کاریگەریان هەیە لەسەر درووست بوونی متمانە بەخود.



فێربوونی میوزیک



قوتابخانە



هاندانی دایک و باوک



بەشداریکردن لە کەمپی هاوینەی قوتابخانە

## یەکەی چوارەم



# کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان

### بیرۆکەی سەرەکی

هەڵچوونەکان دیاردەیەکی دەروونی ویژدانین کە مرۆڤ هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێت لە باری خۆشی و ناخۆشی و تووڕەیی یان بیستنی هەواڵێکی لەناکاو یان تووشبوون بە ڕووداوێک. دیاردەی هەڵچوون بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا لەسەر ڕووخسار و جەستەی مرۆڤ بەدیاردەکەوێت.

گرنگترین دیاردەکانی هەڵچوون کە مرۆڤ دەریدەبڕێت بریتییە لە دڵخۆشی، دڵتەنگی، تووڕەیی، ڕقبوونەوە، گریان، پێکەنین، سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ. بۆنموونە کاتێک مرۆڤ گوێ بیستی هەواڵێکی خۆش دەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێت، جاری وای هەیە کەمرۆڤ بە هاوارکردن و چەپڵەلێدان خۆشییەکانی دەردەبڕێت، بەپێچەوانەوە کاتێک مرۆڤ گوێبیستی هەواڵێکی ناخۆش دەبێت ئەوا هەستەکانی خۆی بە دڵتەنگی و بێزاری یان گریان و هاوارکردن دەردەبڕێت. جاری واش هەیە کە مرۆڤ هەستەکانی بە شێوازی هەڵچوون و تووڕەبوون و پەنابردنە بەر کاری توندوتیژی دەردەبڕێت. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت کۆنترۆڵی هەستەکانی لەکاتی گوێبستی هەواڵی ناخۆش بکات و بتوانێت هاوسەنگیی خۆی لەدەست نەدات و ئارام بێت لە هەمبەر ڕووداوەکاندا و بەشێوازێکی ژیرانە چارەسەری گرفتەکان بکات.



### گفتوگۆکردن و فێربوون:

هەڵچوونە مرۆڤییەکان بەرهەمی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانن، درککردن بە هۆیەکانی هەڵچوون پشت بە باگڕاوەندی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی ژینگەی مرۆڤ دەبەستێت، هۆی شەرم لە ژینگەیەکدا مەرج نییە هۆی شەرم بێت لە ژینگەیەکی دیکە، هەر ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ڕێساو پلانی ڕەفتاریی خۆی هەیە، کە کاردانەوەکان لە کاتی هەڵچووندا پشتیان پێ دەبەستن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. ڕق و کینە
٢. تووڕەبوون
٣. پاڵنەر
٤. سۆز

## چالاکیی ناوپۆل

جۆرەکانی هەڵچوون:

١. هەڵچوونی نەرێنی (بێزاربوون، دڵەڕاوکێ، تووڕەبوون).

٢. هەڵچوونی ئەرێنی ( خۆشەویستی و دڵخۆشی ).

٣. هەڵچوونی خۆرسک (ترس، غەمباری).

٤. هەڵچوونی پەرچەکردارییانە ( ئیرەیی، هەستکردن بەکەمی، سووکاتیکردن، موڵکایەتی).

ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەڵچوونی نەرێنی وەک تووڕەبوون بگۆڕێت بۆ هەڵچوونی ئەرێنی وەک خۆشەویستی؟

– بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## زیادکردنی زانیاری

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەڵچوونی دەروونی و پاڵنەرەکان هەیە بۆ نموونە:

١. کاتێک مرۆڤ پاڵنەری سەرکەوتن یان بەدەستهێنانی ئامانج بەدی دێنێت ئەوا کوتوپڕ هاواردەکات و خۆشی خۆی دەدەبرێت وەک خۆشی دەربڕینی لەکاتی گۆل تۆمارکردن لە یاری تۆپی پێ.

٢. هەڵچوونی دەروونی و توڕەبوونی منداڵان کاتێک ڕێگریان لێدەکرێت کە یاری بکەن بەڵام کاتێک ڕێگەیان پێدەدرێت ئەوا خۆشی خۆیان دەردەبڕن.

٣. پاڵنەری دەرچوون لە وانەکان ترس لای قوتابی دروست دەکات و کاریگەریی دەبێت بۆ ئەوەی قوتابی بخوێنێت و خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی دەربچێت.

## ئایا دەزانی

سۆز کۆمەڵێک هەڵچوونی تێکەڵ بەیەکن دەربارەی بابەتێکی تایبەت، هەر سۆزێکیش هەڵچوونی تایبەت بە خۆی هەیە ، سۆزی خۆشەویستی هەڵچوونی خۆی هەیە کە سۆزدارییە، و ڕقیش هەڵچوونی خۆی هەیە کە کینەیە.

## ووردبوونەوە و بیرکردنەوە



کاتێک لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت یان هاورێیەکت کێشەیەک لە نێوانتاندا ڕوودەدات یان کەسێک هەڵەیەک بەرامبەرت دەکات، ئایا تووڕەدەبیت و هاواردەکەیت و پەنا بۆ توندوتیژی دەبەیت؟ یان کۆنترۆڵی هەڵچوونی خۆت دەکەیت و بیر لە تووڕەبوون ناکەیتەوە، بە ئارامیی و ژیرانە کێشەکە چارەسەر دەکەی؟ تێڕوانینت لەسەر ئەم بابەتە چییە بە شەش دێر ڕوونیبکەوە.

## فێربووم - فێردەبم

چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەسانێک زوو هەڵدەچن :

١. هەرگیز لەو کەسانەی کە زوو هەڵدەچن، تووڕە مەبە.

٢. بەجوانی گوێی لێبگرە و ئارام و لەسەرخۆبە تا تووڕەییەکەی دادەمرکێتەوە.

٣. بەژیرانە لەگەڵی بدوێ و ڕێزی لێبگرە.

٤. کاتێک وەڵامی دەدەیەوە سۆزی خۆتی بۆ دەرببڕە، بۆ نموونە بڵێ: من تێدەگەم، من هاوڕام لەگەڵت، تۆ ڕاستی...هتد.

٥. کاتێک هەستتکرد کەسێک لەسەر بابەتێک تووڕە دەبێت زۆر وتوو وێژی لەسەر بابەتەکە لەگەڵ مەکە.

٦. کەسی هەڵچوو گەر وتەی ناشرینی پێ وتی و هەستی بریندارکردی، هەرگیز تۆ بە شتێکی کەسی وەرمەگرە و بیری لێمەکەوە و بەسنگێکی فراوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکە هەروەها لێی ببورە.

٧. کاتێک هەستتکرد هاورێیەکەت تووڕە بووە ئەوا کاتێکی تر گفتوگۆی لەگەڵ بکە.

– دوای خوێندنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە فێربووم لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زوو هەڵدەچن.

### هەوەس (میزاج)



دۆخێکی هەڵچوونی لە سەرخۆیە تا ڕادەیەک، توشی کەسێک دەبێت بۆ ماوەیەکی دیار، جارجارەش دووبارە دەبێتەوە، واتا دۆخێکی کاتییە، لەوانەیە بە خۆشی بێت یان خەمۆکی یان هەڵچوون یان مرومۆچی.

## دەرئەنجام

بەسەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوەی دەکەم کە هەندێک لە هەڵچوونەکان خۆرسکن و ئەرێنین و هەندێکیان وەرگیراون ونەرێنین.



سووکایەتیکردن



وەڵام نەدانەوەی کەسی هەڵچوو



ترس



دڵخۆشی

بەشی چوارەم

٤

# بەهاکان

## هۆشیاریی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | چەمکی ڕاگەیاندن |
| یەکەی دووەم | ڕاگەیاندن و مرۆڤ |
| یەکەی سێیەم | ڕۆلی ڕاگەیاندن لە ژیانی مرۆڤدا |
| یەکەی چوارەم | ڕای گشتی |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨



# ئامانجی بەش

- ناسینی دەزگاکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن.
- زانینی ئەرکەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- تێگەیشتن لە کاریگەریی میدیای چەواشەکار لەسەر خەڵک.
- هەڵسەنگانی کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕای گشتی.

# یەکەی یەکەم



## چەمکی ڕاگەیاندن

### بیرۆکەی سەرەکی

ئەرکی ڕاگەیاندن بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری هاووڵاتیان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان، هەواڵەکان، بیرو بۆچوون و ڕای جیا لەڕێگەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە. متمانەی ڕاگەیاندن پەیوەستە بە ڕێژەی پابەندبوونی بە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و ڕوونیی هەواڵەکان دوورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری، واتا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن تا زیاتر ڕاستگۆتر و ڕوونکارانە کاربکەن و بابەتیانە بن ئەوا ناوبانگیان بەهێزتر دەبێت زیاتر خەڵک متمانەیان پێدەکات.

### گفتوگۆکردن و فێربوون:




هاووڵاتیان ئەو جۆرە پەیامەی ڕاگەیاندن پەسند دەکەن، کە لەگەڵ بیروڕایان دەگونجێت، بەڵام ئەم پەیامەی کە لەگەڵ بیروبۆچوونیان ناگونجێت ئەوا لای هاووڵاتیان پەسندنییە و بە پەیامێکی لاوازە دادەنرێت. واتا واقیعی کۆمەڵایەتی، ئایین، ئابووری و ڕامیاری کار لە پەیامی ڕاگەیاندن دەکەن. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت لەسەر ئەم بابەتە گفتۆگۆ بکەن.

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی
٢.میدیای ئازاد
٣. ئازادیی ڕۆژنامەگەری
٤. دەسەڵاتی چوارەم

## چالاکیی ناوپۆل




### جیاوازیی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە چییە؟

ڕاگەیاندن کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەکات، بەڵام مەبەستی پڕوپاگەندە بە هەموو شێوازەکانییەوە بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵک بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕامیاری و بازرگانی و ئایینی، نەک وریاکردنەوە و بەئاگاهاتنەوەیان. هەروەها زۆرجار ڕاستیی و وردی دەسپاکی لە پڕوپاگەندە نییە بەڵکو بە بەکارهێنانی هەندێک ڕاستی و تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ و چەواشەیی و بێ دیارکردنی سەرچاوەی سەرکی بابەتەکە، بڵاودەکاتەوە.

لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەر یەک لە ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە لەسەر هاوڵاتیان چییە؟

- بەهاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر گرنگیی ئەم بابەتە بکەن؟

## زیادکردنی زانیاری

**هۆیەکانی ڕاگەیاندن:**

١. هۆیەکانی چاپکراو: هەموو جۆرە چاپکراوێک وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و پۆستەر دەگرێتەوە.

٢. هۆیەکانی بینراو: تەلەفزیۆن، سینەما، ڤیدیۆ.

٣. هۆیەکانی بیستراو: ڕادیۆ و تۆماری دەنگی.

٤. هۆیەکانی میدیای نوێ: وێب سایت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

٥. ئامرازی چەسپاو: وەک شانۆ، مۆزەخانە، پێشانگە.

## ئایا دەزانی

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە هەموو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن کاریگەرتر و ئاسانتر و خێراترە.

## هزراندن و بیرکردنەوە



تەلەفزیـــۆن شـــێوازێکی کاریگـــەری ڕاگەیاندنە بـــۆ گەیانـــدن و بڵاوکردنـــەوەی زانیارییـــەکان و هەواڵەکان و هۆشیارکردنەوە.
بـــەڵام هەندێک لە کەناڵـــەکان بەرنامە، یـــان زنجیرەی دۆبلاژکراو پەخشـــدەکەن کە لەگـــەڵ کولتووری کۆمەڵگـــە ناگونجێت یـــان زنجیـــرە دۆبلاژکراوەکە دیمەنـــی توندوتیژیـــی تێدایە کە کاریگـــەری خراپی لەســـەر دەروونـــی منداڵان هەیە. ئایـــا کاریگەریی ئەم جـــۆرە کەناڵانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەســـەر کۆمەڵگـــە چییە؟ بە شـــەش دێـــر گرنگیی ئەم بابەتە شـــیبکەوە؟

## من فێربووم



لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەر یەک لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەسەر کۆمەڵگە ڕوونبکەوە:

١- میدیای چەواشەکار.

٢- پێشکەشکردنی بەرنامە لەسەر تاوانەکان و چۆنییەتی ئەنجامدانی تاوان.

**- دوای ڕوونکردنـــەوەی ئـــەم دوو دەســـتەواژانەی ســـەرەوە فێربـــووم کـــە گرنگیـــی کاریگـــەری میدیایی چەواشـــەکار و پێشکەشـــکردنی بەرنامـــەی تایبـــەت لەســـەر ئەنجامدانی تاوان لەســـەر کۆمەڵگـــە چییە.**



**ڕۆژنامەگەری:**
پیشـــەیەکە ئامانجـــی کۆکردنەوە و شـــیکردنەوە و ووردبوونەوەیە لە ڕاســـتی ودروستی هەواڵەکان و ڕووداوەکان لەسەر ئاستی نێوخۆ و جیهان. جا ئەم ڕووداو و هەواڵانە چ سیاســـیی بن یا کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەرزشـــی، ڕۆشنبیری.. هتـــد. دواتـــر گەیاندنـــی بەهاووڵاتیانـــە لەڕێگـــەی دەزگەکانـــی ڕاگەیاندن.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کە هەر یەکێک لەم هۆکارانەی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵ هەیە.





خوێندنەوەی ڕۆژانەی ڕۆژنامە



چوون بۆ سینەما




گوێ بیستنی ڕادیۆ



خوێندنەوەی هەواڵ لە ئینتەرنێت

# یەکەی دووەم



# ڕاگەیاندن و مرۆڤ

## بیرۆکەی سەرەکی

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕاگەیاندن و مرۆڤدا هەیە، ئەگەر مرۆڤ لە ماڵەوە بێت یان لە دەرەوە ئەوا ئامرازێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە مرۆڤ لە ماڵەوە یان سەیری تەلەفزیۆن دەکات یان ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت. کاتێک مرۆڤ بۆ دەرەوە دەچێت لەناو ئۆتۆمبێل گوێبیستی ڕادیۆ دەبێت و لەشوێنی کارکردن ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە یان لە هاوڕێیەکانی دەپرسێت: ئایا ڕووداوەکانی ئەمڕۆ چیین؟ زیاتر لەمەش وەختێک مرۆڤ کاتی هەیە یان دەچێت بۆ سینەما یان شانۆ...هتد. واتا ڕاگەیاندن و هۆیەکانی ئاوێتەی ژیانی مرۆڤ بوون و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان بێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕاگەیاندن چەکێکی دوو لایەنە، واتا ڕاگەیاندن دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و دیموکراسی و مافی مرۆڤ. لەهەمان کاتدا دەتوانرێت ڕاگەیاندن بەکاربهێنرێت بۆ چەواشەکردنی خەڵک و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی توندڕەویی یان خزمەتکردنی سەرکردە دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتەکەی.

## گفتوگۆکردن و فێربوون:



لەکاتی ئەنجامدانی دیمانەدا پێویستە ڕۆژنامەنووس پرسیارەکانی کورت و ڕوونبن، واتا پرسیار بە کەمترین وشە و زۆرترین مانا ئاراستەی میوانەکە بکرێت.

بەهاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن؟

## ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. دیمانە

٢.ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی

٣. میدیاکار

٤. ئاژانسی هەواڵ

## چالاکیی ناوپۆل



یەکێک لە ئامانجەکانی ڕاگەیاندن هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانە لەڕووی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، بەڵام کاتێک میدیا سەربەخۆ نابێت، یان لەلایەن گرووپێک یــان دەســـەڵاتێکی دیکتاتۆر ئاراســـتە دەکرێت، ئـــەوا بە میدیایەکی مەترســـیدار دادەنرێـــت چونکە تاکە ئامانجـــی تەنها چەواشـــەکردن و سەرلێشـــواندنی خەڵـــک دەبێت بۆ خزمەت کردنی دەســـەڵات. کاریگەریـــی میدیای ســـێبەر لەســـەر هاووڵاتیـــان چییە؟ بۆچـــی ســـەرکردە دیکتاتـــۆرەکان ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەنـــدی خۆیـــان بەکاردەهێنن؟ لەگـــەڵ هاوپۆلەکانت و بەیارمەتی مامۆســـتای بابـــەت گفتوگۆی لەســـەر بکەن؟

## زیادکردنی زانیاری

**ئامانجی دەزگەکانی ڕاگەیاندن:**

١. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پڕوپاگەندە.
٢. بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاری.
٣. گرنگیدان بە بواری خوێندن.
٤. گرنگیدان بە بواری کۆمەڵایەتی.
٥. گرنگیدان بە بواری کەیف خۆشی.
٦. گرنگیدان بە بواری ژینگە.
٧. گرنگیدان بە بواری مافی مرۆڤ و ئاشتیی و ئارامی.
٨. گرنگیدان بە بواری سیاسی و چاودێری کارەکانی حکومەت لە ناوەوە و دەرەوە.
٩. برەودان بە بواری ئابووری و بازرگانی.

**ئایا دەزانی**

ڕاپەڕینـــی خەڵکـــی کوردســـتان لە بەهـــاری ســـاڵی ١٩٩١ ســـەرەتایەک بوو بۆ میدیـــاکاران بـــۆ دەربازبوون لە ســـەرکوتکردن و سانســـۆر.



کردستان

۱۳۱۵

## هزراندن و بیرکردنەوە

لەساڵی ۱۸۹۸ ڕۆژنامەی (کوردستان) لەشاری قاهیرە لەلایەن (مقداد مەدحەت بەدرخان) و (جەلادەت بەدرخان)ەوە دەرکرا ، بەمەستی هۆشیارکردنەوەی گەلی کوردستان و بەئاگاهاتنەوەی لەژێر دەستی داگیرکەر.

ئایا ڕۆژنامەکان تا چەند ڕۆڵیان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە ڕووی ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوایەتی؟ وەک ئەرکی ماڵەوە بەشەش دێر گرنگی ئەم بابەتە ڕوونبکەوە؟

## من فێربووم

**لەبڵاوکراوەکانی یونسکۆ هاتووە:** دەزگەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەروەردەکردنی لاواندا دەبینن ، بە گیانێکی ئاشتی و دادپەروەری و ئازادی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و لێک تێگەیشتن. بە مەبەستی چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی ماف لە نێوان مرۆڤەکان و گەلان و بەرەوپێشبردنی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەروەها ڕۆڵی گرنگ لە پێناسەکردنی بۆچوونەکانی نەوەی داهاتوو و ئامانجەکانی دەگێڕێت.

**دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە فێربووم کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن بریتییە لە:**

١. هۆشیارکردنەوەی لاوان لە ڕووی بڵاوکردنەوەی ئاشتیی و ڕێزگرتن لە دەربڕینی بیروبۆچوونی جیا بە ئازادی و نەهێشتنی نەژادپەرستی.

٢. هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە گرنگیی کەرتی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان .

٣. بایەخدان بە هزرو بۆچوونی لاوان .



**شانۆ**

هۆیەکە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کە هونەرمەندان دیاردە و کێشەکانی کۆمەڵگە بۆ ئامادەبووان دەخەنەڕوو.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم لە کاتی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستاندا میدیای جیهانی لە گەیاندنی ئێش و ئازاری ئەم گەلە بە جیهان کەمتەرخەم بوون.



کۆچڕەوی گەلی کورد لە ١٩٩١/٣/٣١



وێنەی ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفال



خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان



کیمیابارانی هەڵەبجە

## یەکەی سێیەم



# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ژیانی مرۆڤدا

### بیرۆکەی سەرەکی

ڕاگەیاندن و دەزگەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و لێک نزیکردنەوەی گەلان و ئاگاداربوون لە هەر گۆڕانکارییەکی ڕۆژانە لەڕووی سیاسیی و ئاسایش و ئابووری و کۆمەڵایەتی...هتد. بۆ نموونە دەزگەکانی ڕاگەیاندن توانای کارتێکردنیان لە هەستی خەڵک لە ڕێگەی ئەو پلان و بەرنامەیەی پێشکەشی دەکەن هەیە کە وا دەکەن خەڵک بیروبۆچوونیان لەسەر بابەتێک یان سەرکردەیەک یان وڵاتێک لە باشە بۆ خراپە یان بە پێچەوانەوە بگۆڕێت. بۆیە دەبێت هاووڵاتی ژیرو ئاگاداربێت لە ڕاستی و دروستی هەواڵ و پڕوپاگەندەی بڵاوکراوە لەلایەن دەزگەکانی ڕاگەیاندنەوە. هەروەها پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی بواری ڕاگەیاندن و ئاوێتەبوونی لەگەڵ ژیانی خەڵک بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە دەزگەکانی ڕاگەیاندن بایەخ بە بڵاوکردنەوەی لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەدەن.

### گفتوگۆکردن و فێربوون:



ئایا جیهانگیریی ڕاگەیاندن کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەرێمی کوردستان چییە؟ بەهاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن؟

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. ڕوانگە

٢. پێگەی ئەلیکترۆنی

٣. نامەی ئەلیکترۆنی

٤. مافی چاپ

## چالاکیی ناوپۆل

تۆڕی ئینتەرنێت و خەڵک:

پێش سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی تۆڕی ئەنتەرنێت، خەڵک بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و رووداوی رۆژانە رۆژانە لەماڵەوە دەچوون بۆ سەنتەری شار بۆ کرینی رۆژنامە و گۆڤار و زۆر بە پەرۆشەوە بابەتەکانیان دەخوێندنەوە. جگە لە کرینی رۆمان و چیرۆک و شیعر. کەچی لە سەردەمی ئێستادا، خەڵک لە ماڵەوە زۆر بەئاسانی لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێت دەتوانێت ئەم شتانە هەمووی بەدەستبهێنێت و بیخوێنێتەوە یان سەیری بکات هەروەها بە ئاسانی دەتوانێت کەلوپەل لەسایتی ئەلیکترۆنی بکرێت.

کامە شێوازی خوێندنەوە ( چاپکراو یان ئەلیکترۆنی) گونجاوتر و باشترە؟

– بەیارمەتی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن؟

## زیادکردنی زانیاری

**جیهانگیریی ڕاگەیاندن:**

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاوە هۆیەکانی ڕاگەیاندن پێشکەوتن و فراوانبوونی بێوێنەی بەخۆیەوە بینیوە تا ڕادەیەک جۆر و هۆیەکانی ڕاگەیاندن هەموو سنوور و کۆت بەندێکیان بریوە و چوونەتە نێو هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەک، ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەکان بە تایبەتی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان. بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی جیهانگیری شەش کۆمەڵەی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی هەن، کە لەسەر ئاستی جیهان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە بە جیهانگیرکردنی گەلان وەکو دامەزراوەی تایم ورنر– Time Warner کە گەورەترین دامەزراوەی ڕاگەیاندنە لەسەر ئاستی جیهان.

## ئایا دەزانی

**پروپاگەندەی ڕەش:** سەرچاوەکەی ئاشکرا نییە و شاراوەیە لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە ئامانجەکانی بلاودەکاتەوە جا بەناوی خواستراوە بێت یا لەڕێگەی نهێنی و بەکرێگیراو یان سیخورەوە.

## هزراندن و بیرکردنەوە




ڕادیۆ ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە شۆڕشەکانی خەڵکی کوردستان و هۆشیارکردنەوەی لە زوڵم و ستەمی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراقدا.

ئایا لە سەردەمی ئێستادا ڕادیۆ هەمان پێگەی پێشووی لەناو جەماوەر هەیە؟ بەشەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بنووسە؟

## من فێربووم

بوونی میدیای ئازاد لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا نیشانەی پێشکەوتنی هاووڵاتیان و وڵاتەکە دەگەیەنێت. واتا بڵاوکردنەوەی ئاشتیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕوونکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و ڕێگەدان بە هەموو نەتەوە و ئایین و تایفەیەک کە بە ئازادی بیروبۆچوونی خۆی دەرببڕێت و کولتووری و زمانی خۆی بڵاوبکاتەوە و بپارێزێت.

لەم ڕوانگەیەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە دەیان کەناڵی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و کەناڵی ئاسمانی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار هەن، هەروەها چەندین نووسینگەی کەناڵە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن.

– دوای خوێندنەوەی ئەم زانیاریەی سەرەوە فێربووم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند گرنگی بە میدیای ئازاد دەدات.


## پۆستەر




هۆیەکە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، دەبێت لە پۆستەر بیرۆکەیەک دیاربکرێت و ئەم بیرۆکەیە ئامانج ڕوونی و سادەیی ناوەڕۆک و بەکارهێنانی ڕەنگ و وێنەی سەرنجڕاکێش و نووسینی کەمی تێدابێت.
ئامانج لە بەکارهێنانی پۆستەر هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانە.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوەی دەكەم كە هۆیەكانی ڕاگەیاندن زانیارییمان لە هەموو بوارەكانی ژیاندا زیاد دەكەن.



ڕاپۆرتی كەش وهەوا




هەواڵەكان




ڕاپۆرتی ئابووری



گواستنەوەی یاری تۆپی پێ

# یەکەی چوارەم

## ڕای گشتی



### بیرۆکەی سەرەکی

دەزگەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی ڕای گشتی لە نێو کۆمەڵگەدا دەبینن. ڕای گشتی ئەوکاتە دروست دەبێت کە دۆزێک یان پرسێک یان کێشەیەک هەبێت و پێویستی بەسەرنجراکێشانی هاووڵاتیان هەبێت و لەنێو خەڵک گفتوگۆی لەسەر بکرێت. لەم کاتەدا دەزگەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر بەرجەستەکردنی دۆزەکە بۆ کارکردنە سەر هەستی خەڵک و باوەڕپێهێنانی بەم پرسە دەکەن. هەروەها دەزگەکانی ڕاگەیاندن توانایەکی بێوێنەیان لە خستنەڕووی هەندێک پرس هەیە کە بایەخی وای نییە، بەڵام ڕاگەیاندنەکان پرسەکە وا گەورە دەکەن زیادەڕۆیی تێدا بێت، کە ببێتە جێی باسوخواسی خەڵک. بۆیە سیاسیەتمەداران دەزگەکانی ڕاگەیاندن بە نێوەندی سەرەکی و ستراتیژی دادەنێن بۆ گەیاندنی بیرورا و بەرنامە تێڕوانین و کاری سیاسی خۆیان بە ڕای گشتی.

### چالاکیی ناو پۆل




**گفتوگۆکردن و فێربوون:**

هەندێک لەدەزگەکانی ڕاگەیاندن پەیامی ڕاگەیاندنیان پەیامێکی سیاسی پشت پەردەیە بۆنموونە بە هەموو شێوەیەک کارەکانی حکومەت بەخراپە پیشان دەدەن، هەروەها بەرنامەکانیان تەنها ڕەخنەگرتنی ڕووخێنەرە نەک ڕەخنەی بونیادنەر؟

– بەهاوکاریی مامۆستای بابەتە لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن؟

### ئەو چەمکەی فێری دەبم

١. میدیای لایەنگر

٢. گوللەی ئەفسوناوی

٣. پانێل

٤. شەڕی زانیاری

## چالاکیی ناوپۆل



دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان بیرۆدزی (فیشەک، یان گوللەی ئەفسوناوی) سەری هەڵدا، واتا بەهێزی کاریگەری پەیامی ڕاگەیاندن لەسەر هاووڵاتیان هەروەک فیشەک وایە کاتێک بە شێوەیەکی ڕێک و دروست ئاڕاستە دەکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆی ئامانجی خۆی دەپێکێت. هەروەها ڕاگەیاندن بە بیردۆزی (دەرزیی ژێر پێست) ناودەبرێت واتا پەیامی ڕاگەیاندن هەروەک ماددەی ناو دەرزی وایە کە لە نەخۆش دەدرێت یەکسەر بەناو جەستە بڵاودەبێتەوە کاریگەری خۆی دەکات، بەم شێوەیە پەیامی ڕاگەیاندن کار لە هاووڵاتیان دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان نەتوانن دەستبەرداری ڕاگەیاندن ببن و باوەڕ بەهەر شتێک بکەن، کە ڕاگەیاندن بڵاوی دەکاتەوە.

**چۆن بتوانین بەرەنگاری میدیای چەواشەکار ببینەوە؟**

**– بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر گرنگیی ئەم بابەتە بکەن؟**

## زیادکردنی زانیاری


**ڕێگەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بۆ کارتێکردن نەرێنی لەسەر ڕای گشتی:**

١. چەواشەکردنی ڕای گشتی.
٢. زیادەڕۆیی لە پیشاندانی کێشەو پرسەکان.
٣. بەرەودان بە پرس و بابەتێک هەنگاو بە هەنگاو.
٤. ستراتیژیەتی لەسەرخۆ لەبڵاوکردنەوەی پرسە گرنگەکان.
٥. شەڕی زانیاری کارتێکردن لە سۆزی خەڵک لەڕێگەی شێواندنی ڕاستی ڕووداوەکانەوە.
٦. پەرتەوازەکردنی بیری خەڵک لەڕێگەی دراماو گۆرانی و بەرنامەی خۆشی.
٧. ستراتیژیەتی هەستکردنی بەتاوان و کەمتەرخەمی بۆ نموونە نیشاندانی منداڵێکی هەژار.
٨. چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری کەسی.

**ئایا دەزانی**

**چاووڕاو – شایعە:** بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕای گشتیی هەواڵێکی هەڵبەستراو کە هیچ ڕاستی تێدانییە بڵاودەکرێتەوە یان هەواڵەکە بەشێکی کەمی ڕاستە، بە مەبەست زانیاری نادروستی تێکهەڵکێش دەکرێت و قەبە دەکرێت بە ئامانجی شکاندنی کەسێک، یان لایەنێک یان کەلوپەلێکی بازرگانی.

## هزراندن و بیرکردنەوە



یەکێــک لەکارەکانی ڕاگەیاندن بەشــداریکردنە لە بونیادنانی سەقامگیری سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری لەڕێگەی ئەو هەواڵ و زانیاری و بەرنامانەی کە لــە نێو کۆمەڵگەدا بــڵاوی دەکاتــەوە. بەپێچەوانەوە ڕاگەیانــدن ڕۆڵی لە تێکدانی باری سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتی وڵاتــدا هەیە. بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت یان ســەرچاوەکانی زانیاری بە شــەش دێڕ گرنگی ئەم بابەتە شــیبکەوە.

## من فێربووم

**کاریگەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر سیاسەتوانان و بڕیاربەدەستان:**

دەزگەکانــی ڕاگەیاندن هەواڵ و زانیاری تەواو لەســەر هــەر ڕووداو و گۆڕانکاریی ژیانــی ڕۆژانەی خەڵک بــە بڕیار بەدەســت و حکومەت دەدەن. ڕاگەیانــدن حکومەت و بڕیاربەدەســتان ئــاگادار دەکاتەوە لە ڕای گشــتیی هاووڵاتیــان، ئایا تا چەند هاووڵاتیــان ڕازیین لە ئەداو کاری حکومەت و پــڕۆژەی خزمەتگوزاریی پێشکەشــکراو؟ جگە لە ورووژاندنی کێشــە و گرفتی خەڵــک و زیادەڕۆیی و بایەخدانی تەواو بە کێشــەکان بــۆ گەیاندنــی پەیامی خەڵک بــە حکومەت تاکو حکومەت بەهانای کێشــەی خەڵک بچێت و چارەســەریان بــکات. یەکێک لە کارە گرنگەکانــی دەزگەکانی ڕاگەیانــدن بریتییە لە چاودێریکردنــی کارەکانی حکومەت و ئاگادارکردنــەوەی لــە ئەگــەری بوونــی گەندەڵــی و نەبوونــی ڕوونکاری لــە فەرمانگــەکان و لەناو فەرمانبەرانــدا بــۆ ئەوەی حکومەت ڕێ و شــوێنی تایبەت بگرێتەبەر بۆ نەهێشــتنی ئــەم دیاردانە.

- دوای خوێندنەوەی ئەم دەقەی سەرەوە فێربووم کە گرنگیی کارەکانی ڕاگەیاندنی بێلایەن بۆ خزمەتکردنی خەڵک و حکومەتە وەک:
- ڕاگەیاندن هەوڵی چارەسەری کێشەو گرفتی هاووڵاتیان لەڕێگەی گەیاندنی پەیامی خەڵک بە حکومەت دەدات.
- ڕاگەیاندن خزمەتی حکومەت و کاربەدەستان لە ڕووی هۆشیارکردنەوەیان لە ڕای خەڵک دەکات.



## دیکۆمێنتکردنی ڕووداوەکان


یەکێک لە ئامانجی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە دیکۆمێنتکردنی هەواڵ و ڕووداوە گشتییەکان بۆ ئەوەی دوای دەیان ساڵ بتوانرێت بۆی بگەڕێتەوە و سوودی لێببینین.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوەی دەکەم کە زۆر جار دەزگەکانی ڕاگەیاندن هۆکاربوونە بۆ گەیاندنی کێشەی خەڵک بە جیهان.



خنکانی منداڵێک بەهۆی ئاوارەبوونەوە



منداڵێکی هەژاری ئەفریقی



کۆچی بەکۆمەڵی هاوڵاتیان بۆ ئەوروپا



کاریگەریی قەتیس بوونی گەرما لەسەر زەوی


ئاشتیی لەگەڵ ژینگە..
ئاشتییە لەگەڵ ژیان


پاراستنی ژینگە..
پاراستنی تەندروستییە

# پارێزگاری لە تەندروستی دەروونت بکە..
# تەندروستیت جێگەی بایەخمانە



**چۆن پارێزگاری لە تەندروستی دەروونی دەکەین؟**

- لەشێکی تەندروست.
- بیرکردنەوەی ئەرێنی.
- بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.
- تێر خەوی.

**هەردەم.. گەشبین بە**



گەشبین



ڕەشبین

# تۆ خاوەن بڕیاری


ڕەفتاری
نەشیاو
ژیانمان بە سەلامەتی جوانترە



هێماکانی هاتوچۆ
لێخورینی پاس قەدەغەیە
لێخورینی عارەبانە قەدەغەیە
لێخورینی تراکتۆر قەدەغەیە
لێخورینی ئۆتومبیل قەدەغەیە
لێخورینی لۆری قەدەغەیە
هۆڕن لێدان قەدەغەیە
لێخورینی ماتۆرسکیل قەدەغەیە
لێخورینی پایسکیل قەدەغەیە
لێخورینی ئوتومبیل و ماتۆر و عارەبانە قەدەغەیە
پشتێنی دڵنیایی، هاوڕێییەکی دڵسۆزە
لە مردن و کەمئەندابوون دەتپارێزێت

# سوودەکانی خوێندنەوە



## چاندنی بەها مرۆڤایەتییەکان لە ڕێگەی خوێندنەوە



## من دەخوێنمەوە... من بوونم هەیە



قوتابی خۆشەویست:
هەر گەلێك لە خوێندنەوە نەوەستێت لە داهێنان ناوەستێت



# ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام






## ١٦

## ئامانجی شازدەیەم
## ئاشتی و دادوەری و دامەزراوەی بەهێز

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام دەیەوێت بە شێوەیەکی بەرچاو هەموو شێوازەکانی توندوتیژی کەمبکاتەوە و کاربکات لەگەڵ حکومەتەکان و کۆمەڵگەکاندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەمیشەیی بۆ ململانێ و نەبوونی ئاسایش. بەهێزکردنی حوکمی یاسا و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ تا ساڵی ٢٠٣٠.

## ١٧

## ئامانجی حەڤدەیەم
## هاوبەشیکردن بۆ ئامانجەکان

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام دەیەوێت هاریکاریی نێوان وڵاتان باشتربکات لەڕێی پشتیوانیکردنی پلانە نیشتیمانیەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئامانجەکانی ساڵی ٢٠٣٠.

ئەم پرۆگرامە بە سپۆنسەری

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان ( یونیسێف ) ئامادەکراوە